هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆڵەکان

# 54

سالْ/ 2009 – بەرگی پەنجاوچوار

---

چاپی یەکەم/ ساڵی 2009

# پێرست

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی دەسپێك خولی سێیەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2009/8/20 ل 5

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (1)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2009/9/8 ل 39

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (2)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2009/9/9 ل97

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (3)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2009/9/15 ل 155

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (4)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2009/9/16 ل213

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (5)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2009/10/6 ل221

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (6)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2009/10/19 ل 245

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (7)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2009/10/21 ل 273

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (8)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دووشەممە 2009/10/26 ل 339

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (9)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2009/10/28 ل 441

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (1)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2009/11/15 ل 487

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (10)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2009/11/17 ل 569

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (11)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2009/12/2 ل 585

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (12)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2009/12/15 ل 591

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (13)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2009/12/29 ل 641

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (8)

## دووشەممە رێكەوتی 2009/10/26

**كاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی رۆژی دووشـەممە رێكـەوتی 2009/10/26 پەرلـەمانی كوردسـتان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كـەركووكی) سـەرۆكی پەرلـەمان و, بـە ئامـادەبوونی بەڕێز ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـدالله سـكرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمارە (8)ی خولی سێیەم, ساڵی (2009) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی كار:**

**بەپێی حوكمەكانی بڕگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستانی عێـراق, دەسـتەی سـەرۆكایەتی پەرلـەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (8)ی خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن لـە كـات (11)ی پـێش نیـوەڕۆی رۆژی دووشـەممە رێكـەوتی 2009/10/26 دا بـەم شێوەیە بێت:**

**كۆبوونەوەی یەكەم، كۆبوونەوەی دووەم:**

**1- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژە یاسای هەڵوەشاندنەوەو لێكدانی هەندێ وەزارەت لە هەرێمی كوردستاندا.**

**2- خوێندنـەوەی یەكەمی پـرۆژە یاسـای هـەموار كردنـی هەشـتەمی یاسـای ئەنجومـەنی وەزیرانـی هـەرێمی كوردستان – عێراق ژمارە (3)ی ساڵی 1992ی هەموار كراو.**

**3- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژە یاسای هەموار كردنی شەشەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان – عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار كراو.**

**كۆبوونەوەی دووەم:**

**1- خسـتنەڕوو و گفتوگـۆ كردنـی پـرۆژە یاسـای هەڵوەشـاندنەوەو لێكـدانی هەنـدێ وەزارەت لـە هـەرێمی كوردستاندا.**

**2- خسـتنەڕوو و گفتوگـۆ كردنـی پـرۆژە یاسـای هـەموار كردنـی هەشـتەمی یاسـای ئەنجومـەنی وەزیرانـی هەرێمی كوردستان – عێراق ژمارە (3)ی ساڵی 1992ی هەموار كراو.**

**3- خسـتنەڕوو و گفتوگـۆ كردنـی پـرۆژە یاسـای هـەموار كردنـی شەشـەمی یاسـای هەڵبـژاردنی پەرلـەمانی كوردستان – عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار كراو.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بـەناوی گـەلی کوردسـتان، دانیشـتنەکەمان دەکەینـەوە، خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن، سـاڵی یەکـەم، خـولی گرێدانی یەکەم، ژمارەی دانیشتن (8)، رۆژی دانیشتن 2009/10/26، بەرنامەی کار:

ئەم دانیشتنەمان دوو کۆبوونەوە دەبێتن، کۆبوونەوەی یەکەم، کۆبوونەوەی دووەم:

1- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای هەڵوەشاندنەوەو لێکدانی هەندێ وەزارەت لە هەرێمی کوردستاندا.

2- خوێندنەوەی یەکەمی پـرۆژە یاسـای هـەموار کردنـی هەشـتەمی یاسـای ئەنجومـەنی وەزیرانـی هـەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (3)ی ساڵی 1992ی هەموار کراو.

3- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای هەموار کردنی شەشەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان – عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار کراو.

کۆبوونەوەی دووەممان هەر ئەمڕۆ:

1- خسـتنەڕوو و گفتوگـۆ کردنـی پـرۆژە یاسـای هەڵوەشـاندنەوەو لێکـدانی هەنـدێ وەزارەت لـە هـەرێمی کوردستاندا.

2- خسـتنەڕوو و گفتوگـۆ کردنـی پـرۆژە یاسـای هـەموار کردنـی هەشـتەمی یاسـای ئەنجومـەنی وەزیرانـی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (3)ی ساڵی 1992ی هەموار کراو.

3- خسـتنەڕوو و گفتوگـۆ کردنـی پـرۆژە یاسـای هـەموار کردنـی شەشـەمی یاسـای هەڵبـژاردنی پەرلـەمانی کوردستان – عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار کراو.

داوا لە دەستەی سەرۆکایەتی لیژنەی یاسایی دەکەین بۆ خوێندنەوەی پرۆژەکان فەرموو بۆ شوێنی خۆیـان، فەرموون بۆ خوێندنەوەی پرۆژەکان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

ئێسـتا دەقـی داواکـاری ژمـارەی یاسـایی ئەنـدامانی پەرلـەمانتان پێشـکەش دەکـەین، سـەبارەت بـە هەڵوەشاندنەوەو لێکدانی هەندێك لە وەزارەتەکانی هەرێمی کوردستان.

بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان – عێراق

ب/ پرۆژەی یاسا

سلاو و رێز.

ئێمەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان هاوپێچمان گەلاڵە کردووە بەناوی پرۆژەی یاسـای هەڵوەشـاندنەوەو لێکدانی هەندێك وەزارەت لـە هـەرێمی کوردسـتان، تکایـە بخرێتـە بەرنامـەی کـاری کۆبوونـەوەی داهـاتووی پەرلەمان.

لەگەڵ رێزماندا

ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە واژوویان کردووە لەسەر ئەم پرۆژەیە:

1- شێروان حیدری.

2- عەونی بەزاز.

3- رۆژان دزەیی.

4- سۆزان شهاب.

5- تارا تحسین.

6- دانا سعید.

7- دڵشاد شهاب.

8- شۆرش سید مجید.

9- بكر كریم.

10- حسن محمد سوره.

ئێستا دەقی پرۆژەكە بە زمانی كوردی دەخوێنمەوە:

## پرۆژەی یاسای هەڵوەشاندنەوەو لێكدانی هەندێ وەزارەت لە هەرێمدا

## یاسای ژمارە ( )ی ساڵی 2009

**ماددەی یەكەم:**

ئەم وەزارەتانەی خوارەوە هەڵدەوەشێنرێنەوەو هەموو كەل و پەل و ماف و ئیلتیزاماتیان دەدرێتە ئەنجومەنی وەزیران لە هەرێمی كوردستانداو بەپێی یاسا دەستكارییان دەكات.

یەكەم/ وەزارەتی مافی مرۆڤ.

دووەم/ وەزارەتی كاروباری ناوچەكانی دەرەوەی هەرێم.

سێیەم/ وەزارەتی ژینگە.

**ماددەی دووەم:**

وەزارەتی گواستنەوەو وەزارەتی گەیاندن لە یەك وەزارەت لێكدەدرێن بەناوی (وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن).

**ماددەی سێیەم:**

وەزارەتی كشتوكاڵ و وەزارەتی دەرامەتە ئاوییەكان لە یەك وەزارەت لێكدەدرێن بەناوی (وەزارەتی كشتوكاڵ و دەرامەتە ئاوییەكان).

**ماددەی چوارەم:**

وەزارەتی رۆشنبیری و وەزارەتی وەرزش و لاوان لە یەك وەزارەت لێكدەدرێن بەناوی (وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان).

**ماددەی پێنجەم:**

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار لە یەك وەزارەت لێكدەدرێن بەناوی (وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار).

**ماددەی شەشەم:**

وەزارەتی بازرگانی و وەزارەتی پیشەسازی لە یەك وەزارەت لێكدەدرێن بەناوی (وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی).

**ماددەی حەوتەم:**

**ئەم یاسایە لە بەرواری دەرچوواندنیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمیی (وەقائعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو بۆ خوێندنەوەی بە زمانی عەرەبی.**

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**مشروع قانون التعديل السادس لقانون انتخاب برلمان كوردستان - العراق**

**رقم (1)لسنة 1992 المعدل**

**مشروع قانون رقم ( ) لسنة 2009**

**المادة (1):**

**تضاف فقرة الى المادة الخامسة المضافة بموجب التعديل الخامس لقانون برلمان كوردستان رقم (5) لسنة 2009:- وتكون بتسلسل (خامساً) وكالآتي:-**

**خامساً:- في حالة عدم حضور العضو المنتخب للبرلمان لأداء اليمين في موعده المحدد يسقط حقه في العضوية بعد مضي (45) يوماً على التأريخ المذكور، وأن لم يؤد اليمين خلال تلك الفترة يحل محله عضو آخر وفق احكام القانون.**

**المادة (2):**

**تسري احكام هذا القانون على المرشحين لعضوية البرلمان اعتباراً من الدورة الانتخابية الثالثة.**

**المادة (3):**

**على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.**

**المادة (4):**

**ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان.**

**ئەم پرۆژەیەش ئاراستەی لیژنەی یاسایی و ئەندامانی پەرلەمان دەکرێت، بۆ گفتوگۆ کردن لەسەری، دانیشتنی دووەممان، کۆبوونەوەی دووەم لە دانیشتنی ئەمڕۆ سەعات یەك و نیو دەست پێ دەکاتن، تکایە بە وردی سەیری بکەن و ئامادە بن بۆ گفتوگۆ کردن لەسەری، سەعات یەك و نیو ئامادە بن، لیژنەی یاساییش ئەگەر صیاغەی حازر بکەن، فەرموو نوقتەی نیزامی.**

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم سەعات (12:30) بێت، مادام شتەکان حازرەو پێشتر قسەی لەسەر کراوە، سەعات (12:30) کاتێکی موناسیبە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە ئەگەر تەسنیە بکرێت لەسەر پێشنیاری ڕێزدار کوێستان خان، ئێمەش پێمان باشە، ئێمە بۆ ئێوەمان بەجێ هێشت زیاتر بیری لێ بکەنەوە، هەر چەند لە دوێنێوە لەبەر دەستتان بووە، کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی ئەم مەشروعە دەمج و ئیلغا کردنە، لە دوێنێشەوە لەناو سندوقەکانە، من ئەو ڕەئیەی کوێستان خان زۆر بە وارد دەزانم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمەش لە سەرۆکایەتی موافیقین، کەواتە سەعات (12:30) تکایە هەمووتان لێرە بن، زۆر سوپاس.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەردەوام دەبین لەسەر كۆبوونەوەی دانیشتنی ژمارە (8)ی ئەمڕۆمان، لیژنەی یاسایی ئیعادەی صیاغەی پرۆژەكانیان كردووە، ئێستا لە ژێر چاپەو دێن و چاوەڕێیان دەكەین، تاكو دێنە ئێرە، فەرموون.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێز كاك زاناو كاك كاردۆ ئەگەر بێنە سەر مەنصە لەگەڵمان لە دەستەی موناقەشە زەحمەت نەبی.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەرێزان.

ئێستا كۆبوونەوەی دووەمی دانیشتنی ژمارە (8)ی بەرنامەكەمان:

1-خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای هەڵوەشاندنەوەو لێكدانی هەندێ وەزارەت لە هەرێمی كوردستان دەست پێ دەكەین. لیژنەی یاسایی كەرەم بكەن.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەكو لیژنەی یاسا كۆبوونەوەی خۆمان ئەنجامدا، بەنیسبەت هەرسێ پرۆژە راپۆرتەكانمان ئامادەیە، ئێستا بەنیسبەت پرۆژەی یەكەم كە هەڵوەشاندنەوەی وەزارەتەكان و دەمجی وەزارەتەكانە، راپۆرتەكە لە لایەن دكتۆرە رۆژانەوە دەخوێندرێتەوە با بفەرمووێت.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

**بۆ/سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان _ عێراق**

## ب/ راپۆرتی لیژنەی یاسایی

لیژنەکەمان کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا لە ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 2009/10/26 بەرامبەر بە 4ی گەلاڕێزانی 2709ی کوردی، بە ئامادەبوونی ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە واژوویان کردووە بۆ تاوتوێ کردنی پرۆژەی (هەڵوەشانەوە و لێکدانی هەندێ وەزارەت) لە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانەوە پێشنیارکراوە، دوای خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەکە لە دانیشتنی ئاسایی پەرلەمان ژمارە (8)ی ڕۆژی دووشەممە بەرواری 2009/10/26 و دوای گفتوگۆکردن و ڕاگۆڕینەوە، بەزۆرینەی دەنگی ئەندامانی، لیژنەکەمان پشتگیری لە پرۆژەکە دەکات بەم شێوەی خوارەوە:-

ماددەی یەکەم: لیژنەکەمان پێشنیار دەکات وەکو خۆی بمێنێتەوە تەنها دەقە کوردیەکە کە دەستەواژەی (بەپێی یاسا دەستکاریان دەکات) بگۆڕدرێ بۆ (هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرێت).

ماددەی دووەم: وەکو خۆی بمێنێتەوە.

ماددەی سێیەم: وەکو خۆی بمێنێتەوە.

ماددەی چوارەم: بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی لیژنە پێشنیار دەکرێت کە وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەلام هەندێك لە ئەندامانی لیژنە پێشنیار دەکەن ناوی وەزارەتەکە لە (وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان) بگۆڕدرێ بۆ وەزارەتی (ڕۆشنبیری و وەرزش و لاوان).

ماددەی پێنجەم: وەکو خۆی بمێنێتەوە.

ماددەی شەشەم:

زۆرینەی ئەندامان لەگەڵ ئەوەن کە وەکو خۆی بمێنێتەوە. بەلام کەمینە تێبینیان لەسەر ئەم ماددەیە هەیە.

ماددەی حەوتەم: وەکو خۆی بمێنێتەوە.

ماددەی هەشتەم: وەکو خۆی بمێنێتەوە.

ماددەی نۆیەم: وەکو خۆی بمێنێتەوە.

ماددەی دەیەم: وەکو خۆی بمێنێتەوە.

### هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە

بەهۆی ڕێکخستن و کەمکردنەوەی ژمارەی وەزارەتەکان ولێکدانی هەندێ وەزارەت و ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە کابینەی نوێی حکومەتدا دەکرێت، بۆ زیاتر خزمەت کردنی کۆمەلانی خەلکی کوردستان ئەم یاسایە دەرچووێنرا. لەگەڵ ڕێزماندا

ئەو ئەندامەی لیژنەش کە ئامادە بوونە واژوویان لەسەر راپۆرتەکە کردووە:

1-شێروان حەیدەری/ سەرۆکی لیژنە.

2- عەونی بەزاز/ جێگری سەرۆك.

3- ڕۆژان دزەیی/ بڕیاردەری لیژنەو ئەندامانی لیژنەش ئەمانەن:

4- عمر عبدالرحمن علی.

5- عمر حمد امین.

6- گۆران ئازاد.

7- د. احمد ابراهيم على.

8- كاردۆ محمد پيرداود.

9- برهان رشيد.

10- د.زانا رؤوف.

11- ايوب نعمت.

زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان.

گوێتان لێ بوو وەکو خوێندرایەوە راپۆرتی لیژنەی یاسایی بەکۆی دەنگ پەسندیان کردووە، ئێستا ئەو رێزدارانەی ئەندامانی پەرلەمان کە دەیانەوێت قسە بکەن، لەسەر ماددەی یەکەم، ئەسڵی ماددەکە بە زمانی کوردی و عەرەبی بخوێننەوە، راپۆرتی لیژنەی یاسایی کە ئێستا خوێندرایەوە، پاشان ناوی ئێوەی بەڕێز تۆمار دەکەین، ئەوانەی دەیانەوێت موناقەشە بکەن، فەرموو ئەسڵی ماددەکە بخوێننەوە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەکەم لە ئەسڵی پرۆژەکە:

ئەم وەزارەتانەی خوارەوە هەڵدەوەشێنرێتەوەو هەموو کەل و پەل و ماف و ئیلتیزاماتیان دەدرێتە ئەنجومەنی وەزیران لە هەرێمی کوردستانداو بەپێی یاسا دەستکارییان دەکات.

یەکەم/ وەزارەتی مافی مرۆڤ.

دووەم/ وەزارەتی کاروباری ناوچەکان لە دەرەوەی هەرێم.

سێیەم/ وەزارەتی ژینگە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الاولى: تلغى الوزارات المذكورة ادناه وتؤول كافة موجوداتها وحقوقها والتزاماتها الى مجلس الوزراء في الاقليم ويتصرف بها وفق القانون.

اولاً/ وزارة حقوق الانسان.

ثانياً/ وزارة شؤون المناطق خارج الاقليم.

ثالثاً/ وزارة البيئة.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو زۆرینەی ئەندامانی لیژنەی یاسا لەگەڵ دەقی پرۆژەکەین، بەڵام دیارە ڕەئی جیاوازیش هەیە لە مەسەلەی ئیلغا کردن و دەمج کردنی ئەو وەزارەتانە، بۆیە ئێمە زۆرینەی ئەندامانی لیژنەی یاسا تەئیدی پرۆژەکە دەکەین و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا بۆ گفتوگۆ لەسەر ماددەی یەکەم، ئەو بەڕێزانەی کە دەیانەوێت گفتوگۆ لەسەر ئەو ماددەیە بکەن ناویان دەنووسم، تکایە هەر بەڕێزێك کە دەیەوێت قسە بکات ناوی خۆی بڵێت، نوقتەی نیزامی کاك دکتۆر رزگار فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا پێش ئەوەی بچینە ناو موناقەشە کردنی ماددەکان یەك بە یەك، لەسەر مەسەلەی دەمج و ئیلغایەکە، دەڵێت لەبەر ئەوەی کە ئەو کابینەی نوێ تەقدیم دەکرێت، یان دەستکاری دەکرێت، ئێمە نازانین کابینەی نوێ چین؟ وەزارەتەکانی کە پێشکەش دەکرێن لە پەرلەمان ئێستا، لەم کاتەدا ئێمە مەجموعەیەك لە وەزارەت ئیلغا دەکەین، کابینەی نوێ، ناوی وەزارەت و وەزیر تەقدیم دەکات، یان ناوی وەزیر تەقدیم دەکات، ئەگەر ناوی ئەو وەزارەتانە بە کەیفیەت تەقدیمی دەکات بەم دەمجەی ئێستاوە، جاریٚ نەبۆتە قانون، قانونی پێشوو، وەزارەتی پێشوو، کابینەی پێشوو وەکو کیانی قانونی خۆی ماوە، ئەگەر ئێمە سیقە بدەین بە وەزارەتێك، کە ئێستا نەبۆتە قانون، نەچۆتە سەرۆکایەتی هەرێم و دەرنەچووەو بلاٌو نەبۆتەوە، چۆن سیقەی بدەینێ؟ لەسەر چ ئەساسێك.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی وەڵامی بدەنەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی بەپێی ماددەی نۆ لە قانونی ژمارە (3)، قانونی ئەنجومەنی وەزیران، ئەو ماددەیە باسی وەزارەتەکانی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات، کە بریتییە لە (27) کابینەی فەعال و (13) کابینەی هەرێم، کە هەروەکو لە ماددەکەدا هاتووە، پێویستە ئێمە یەکەم هەنگاو بەڕاستی ئەم ماددەیە ئیعادەی نەزەری لیٚ بکەینەوە، بۆیە بەپێی ئەو پرۆژەیە کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە بە هەماهەنگی نێوان پەرلەمان و حکومەت، ئێمە ئێستا مەعلوماتمان هەیە، کە وەزارەتەکان دەبێتە (19) وەزارەت، واتا لە رووی قانونییەوە ئێمە دەبێت ئەوەڵەن/ ئەو وەزارەتانەی کە ئیلغا دەبیٚ سیفەتی خۆیانی بدەینیٚ و ئەو وەزارەتانەی کە دەمجیش دەبیٚ سیفەتی خۆیانی بدەینیٚ، دوای ئەوەی پرۆژەی دووەممان هەیە، کە مەسەلەی (19) وەزارەتەکەیە کە پێداچوونەوەیە بە یاسای ئەنجومەنی وەزیران بە مادده (9)، لێرە پێویست بەوە دەکات ئێمەش ئیعادەی نەزەر لە ماددەی نۆ بکەینەوە، تەقلیصی وەزارەتەکان بکەین بە (19) وەزارەت، بۆ ئەوەی کە ئێمە متمانە دەدەین بە حکومەتی کابینەی شەشەم، متمانە لەسەر ئەو ئەساسە دەدەین، لەسەر ئەساسێکی تەشریعی، کە ئەویش تەعدیل کردنی ماددەی نۆیە لە قانونی ئەنجومەنی وەزیران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار کاك فرسەت لەسەر ئەو نوقتە نیزامیەی حاکم رزگار موداخەلەی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حاکم رزگار وا تەسەور دەکات داوای سیقە بۆ حکومەت دەکەین، پێش ئەوەی ئەم پرۆژەیە ببێتە قانون، وا نییە، هەتا ئەو پرۆژەیە دەرنەچێت و ئیصدار نەبێت و قوەتی نەفازی وەرنەگرێت، کابینەی تازە داوای سیقەتدان و داوای سوێند خواردنی ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی کەرەم بکە.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من نوقتە نیزامیەکەم لەسەر سەرەتای پێشکەش کردنی پرۆژەکەو، ئێستاش پێشەکیەکەی دکتۆرە رۆژان پێشکەشی کرد، باس لەوە کرا کە ئەم پرۆژەیە لە لایەن دە ئەندامی پەرلەمانەوە پێشنیار کراوەو ئیمزای لەسەر کراوە، کە بەڕاستی ئەمە حەقە بۆ ئێمە روون بکرێتەوە، چونکە هەر یەکێك لە ئێمە دوو حەفتەش دەبێت ئێمە زانیمانە کە دەبێتە (19) وەزارەت، زانیمانە کە دەمجەکان چۆنە، زانیمانە ئەوەی کە لادەبرێت لە وەزارەتەکان چۆنە، زانیمانە ئەو وەزارەتە نوێنانەی کە ئیقتیراح کراوە کێیەو چۆنیش تەوزیع دەکرێت، کە ئەمە لە میدیاکانەوە بلاّو کراوەتەوە، ئینجا ئێستا قسەکە لەسەر ئەوەیە کە یەك دەگرێتەوە لەگەڵ قسەکەی کاك رزگار، یەعنی ئەگەر ئەمە تەحصیل حاصلە، ئەمە بۆ شەرعیەتدانە، بۆ شتێك کە پێشتر بووە، یان بگوترێت ئەمە پرۆژەی حکومەتە هاتۆتە ئێرەو ئێمە گفتوگۆی لەسەر دەکەین، یان ئەگەر هی ئێمەیە بۆ نموونە ئێمە هەر لە میدیاکانەوە گوێمان لێ بوو کە رۆژی چوار شەممە کۆبوونەوە هەیە بۆ متمانە دان بە حکومەت و ئیعلان کردنی، یەعنی بۆی هەیە ئێمە ئەمڕۆ نەگەینە ئەنجام، بۆی هەیە ئەو قانونە دەرنەچێت، چۆن یەکسەر رۆژی چوار شەممە تەحدید کراوە، کە بەڕاستی ئەمە تۆزێك لە رووی ئیدایییەوە خەلەلە بۆ جەلسەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی وەلاّمتان بۆ پرسیاری ئەو ئەندامانە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

راستە زانیاری زۆر بلاّو کراوەتەوە لە رۆژنامەکان و لە راگەیاندنەکان، بەلاّم ئەوە بەپێی پێڕەوی ناوخۆ پرۆژە یاسایە پێشکەشمان کردووە، ئەویتر هەر زانیارییەکی گشتییە، ئەو پرۆژە یاسایە تا پێش پرۆژەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەت بوو، کەوا لەسەر چی رێککەوتوون و چەند وەزارەت بمێنێتەوە، لە رووی

یاساییەوە پرۆژە یاسایەكە بەپێی ئەو نصابە قانونیەی داوا دەكرێت لە لایەن ئەندامانی پەرلەمان پرۆژە یاسا پێشكەش كراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا ئەو بەڕێزانەی كە ناویان دەنووسرێت، كێی تر دەیەوێت قسە بكات دەستی بەرز بكاتەوە، بۆ ئەوەی ناوی بنووسین، ڕێزدار كاك حەمە سەعید حەمە عەلی فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

بەپێی ماددەی (71) و بڕگەكانی، پێموایە قۆناغی داڕشتن و ئامادە كردنی ئەم پرۆژەیە، بەپێی ئەو قۆناغانە بەڕێوە نەچووەو ئوسولی خۆی و ئەتەكێتی خۆی نەگرتۆتەبەر، ئەوە خاڵێك.

خاڵێكی تریش، من پێموایە دەبوایە ئەنجومەنی وەزیران خۆی پرۆژە یاسای ئامادە بكردایە، چونكە خۆی دەزانێت وەزارەتەكان، ژمارەكانی، چۆنیەتی دەمجی چی لێ دەكات، ئەوان ئامادەیان بكردایە.

خاڵێكی تریش، بەنیسبەت ئەم ماددەی یەكەمەوە ئەو هۆكارانەی بەڕێزیان باسیان كرد، هۆكارێكی موقنیع نەبوون، بەڵكو هۆكارەكان بۆ گشتی پرۆژەكە بوو، موقنیع نەبوو بۆ ئەم ماددەیە.

خاڵێكی تریش، باسی نەكردووە كە ئەم وەزارەتانە كاتێك ئیلغا دەبنەوە، هەڵدەوەشێندرێنەوە دەبن بەچی؟

خاڵی كۆتاییم ئەوەیە، كە من پێموایە ئەو وەزارەتانە وەزارەتی مافی مرۆڤ، وەزارەتی ژینگە، وەزارەتی كاروباری ناوچەكان لە دەرەوەی هەرێم، سێ وەزارەتی گرنگن، بەتایبەتی مافی مرۆڤ و ژینگە، سێ وەزارەتی هاوچەرخن، ئەم ڕۆژگارەی دنیا ژینگەو مافی مرۆڤ گرنگی تایبەتی خۆیان هەیە، بۆ واقیعی كۆمەڵگەی كوردستانیش هەردووكیان ناچمە ناو تەفاصیلەوە چ ژینگەو چ مافی مرۆڤ، بۆ واقیعی كوردستان و بۆ ئەم قۆناغەی كۆمەڵگەكەمانی پیا تێ دەپەڕێ، بۆ جوان كردنی سیمای ئەزموونی حكومەت و دەسەڵاتەكەمان مافی مرۆڤ پێویستە گرنگیەكی تایبەتی پێ بدرێت و، ژینگەش پێشكەوتنە زانیاری و تەكنەلۆجیاكان و پێشكەوتنەكانی كارگەو دروست كردنی هەموو ئەو بوارانەی تر ئەوە دەخوازێت، وەزارەتی كاروباری ناوچەكانی دەرەوەی هەرێم، هێشتا كێشەی ناوچەكانی دەرەوەی هەرێم یەكلا نەبۆتەوە، بۆ ئەوەی ئەو وەزارەتە دەبێت ئەكتیف بكرێت، بۆ ئەوەی بتوانین قسەی زیاتری قانونی و دەستووری و سیاسی لەو كەناڵەوە بگەیەنین بە حكومەتی ناوەند و داكۆكیەكی جددی سیاسی و یاسایی و دەستووری بكەین، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار سەمیر سەلیم فەرموو.

**بەڕێز سمیر سلیم امین بەگ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

دیارە هەموو پرۆژە یاسایەك دیراسەی حاڵەی دەوێت و دیاری كردنی پێوەرو بناغەكانیشی پێویستە، ئەو ئەسبابە موجیبانەی كە باس كران لە لایەن لیژنەی یاساییەوە جۆرێك لە ناموحەددەدی تیایە، یەعنی موعەیەن نابێت، تەشخیص

ناكرێت، قیاس ناكرێت، قابیلی قیاس لەسەر كردن نییە، بەتایبەتی ڕێكخستنی هەیكەلیەتی حكومەت پێویستە ئەو ئەساس و ئەو ئەسبابانەی كە دیاری دەكرێت قابیلی، یەعنی تەحدیدو تەعین و قیاس بێت، بەنیسبەت ئێمەوە لە قۆنـاغی پێكـەوەنانی ئەزموونێكی دیموكراتیدایین لە هەرێمەكەماندا، یەعنی مەرجەكانمان بڕیوە، مافی مرۆڤ یەعنی معیار بۆ ئەوەی مافی مـرۆڤ كـە هەڵدەوەشێندرێتەوە، ئەسبابی هەڵوەشاندنەوەكەی چیە؟ دیار نییە، یەكێك لە پێوەرە هەرە گرنگەكان لەسەرتانسـەری دنیـادا مـافی مرۆڤـە و دیمـوكرات بـوونی ئـەزموونێك، یـەكێك لـەوەی پاراسـتنی هـاوولاّتی لـە سیاسـەتەكان و پرۆژەكـانی حكومـەت، ئاسەوارەكانی لەسەر ژیانی هاوولاّتیان مافی مرۆڤە، بۆ ئەوەی بتوانێت لە ڕوانگەی مافەكانی مرۆڤەوە ئاسارە سەلبیەكانی، یان یاساو پرۆژەكانی حكومەت تەحدید بكرێت لەسەر هاوولاّتیان لێرە هەڵوەشاوەتەوە، مەسەلەی وەزارەتی كاروبـاری ناوچـەكانی دەرەوەی هەرێم، ولاّتانی دنیا لە ڕووی سیاسی، یان لە ڕووی تاریخییەوە حەقێك، مافێكیان بە ناوچەیەك، یان موحافەزەیـەك لە ولاّتێكی تر هەبێ لە هەیكەلیەتی ولاّتەكەی خۆیاندا بودجەو میزانیەشیان بۆ تەشخیص كردووە ماوەتەوە، كەچی ئێمە لە ڕووی سیاسی، لە ڕووی تاریخی بەپێی دیكیۆمێنت هەموو مافمان بـە ناوچـەكانی دەرەوە هەیـە، ئێمـە لـە پێكهاتـەو پەیكـەری حوكمڕانی خۆمان دەیكەینە دەرەوە، كە پێموایە خەلەلێكی سیاسی، خەلەلێكی ئیداری گەورەیە، وەزارەتی ژینگە پێم سـەیرە ولاّتێك كیمیاباران كرا بێت، ولاّتێكی دوامین تەقەمەنی كوشندەی جیهانی لەسەر تاقی كرا بێتەوەو ولاّتێك ببێتـە مەقبـەرەی نیفایەتی هەموو دنیا وەزارەتی ژینگەی لێ دەربهێنی و هەڵبوەشـێنیتەوە، یەكێكە لـە پرسـیارە هـەرە گـەورەكان لەسـەر ئـەو پرۆژە یاسایە كە دروست دەبێت.

خـاڵێكی تـر، وەزارەتـی وەرزش و لاوان لـە هـەموو دنیـادا لـە ئـەوروپا بگـرە، لیژنـەی ئۆلـەمپی لەگـەڵ یـەكێتی تـۆپی پـێ سەرپەرشتی چالاكیەكانی............. .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە ماددەیەكی ترە، كەی هاتینە ئەوێ، ئینجا لەسەری قسە بكە، زۆر سوپاس، ڕێزدار هاژە خان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەربـارەی هەڵوەشـاندنەوەی وەزارەتـەكان، بەڕاسـتی هەرسـێ وەزارەتـەكان كـە هەڵەشـاندراونەتەوە گرنگـی خۆیان هەیە، وەزارەتی مافی مرۆڤ نازانم ئەگەر هەڵوەشێتەوە چۆن یەعنی مامەڵە لەگەڵ وەزارەتی، یـەعنی كارو چالاكیەكانی و ئیشەكانی چۆن دەكرێت؟ ئێمە بە خۆمان لیژنـەی مـافی مرۆڤمـان هەیـە لـە پەرلـەمان، لەگەڵ كێ ئیش دەكەین وەكو بەڕێوەبەرایەتیـەكی گشـتی سـەر بـە چ وەزارەتێـك دەبـێ؟ یـان چـۆن مامەڵـە دەكرێت لەگەڵی؟ هەروەها وەزارەتی ژینگە بەڕاستی مـن زۆر بـە پێویسـتی دەزانم كـە لێـك بـدرێت لەگـەڵ وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، كە پەیوەندییەكی بەتین لەنێوان هەرسێكیاندا هەیە. دەربارەی مـاددەی سێیەم، وەزارەتی كشتوكاڵ، وەزارەتی دەرامەتە ئاوییەكان، من پێموایە ............. .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوانە هێشتا نەهاتوینەتە سەری، كەی هاتین ئەو كاتی ڕەئی خۆت بدە، سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار سۆزان شەهاب فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

ئێمە وەكو فراكسیۆنی كوردستانی پشتیوانی ئەم پرۆژە یاسایە دەكەین، ئەم پرۆژە یاسایە........ .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە لەناو پەرلەمان وەك ئەندامی پەرلەمان ڕەئی خۆتان دەربڕن تاك، تاك چۆنی شەرح دەكەیت و چۆنی دەڵێی ڕەئی خۆت بدەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە پشتیوانی لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی دەكەین، ئەوەی كە جێگەی ڕوون كردنەوەیە، ئەگەر دەرفەتم بدەیت، چونكە ئێمە خۆمان پرۆژەكەمان پێشكەش كردووە، ئەو دە ئەندامەی كە ئیمزای كردووە، ئەو سێ وەزارەتەی ئەو بەڕێزانە باسیان كرد، سێ وەزارەتی ڕەقابین و بۆ فەعال كردن و ئەكتیف كردنی ڕۆڵەكەیان لە جیاتی ئەوەی بەشێك بن لە پرۆسەی سیستەمی حوكمڕانەكەی، یاخود بەشێك بن لە سیستەمی ئەنجومەنی وەزیران دەبنە هەیئاتێكی سەربەخۆ كە ڕۆڵە ڕەقابیەكەی خۆیان دەبینن زۆر بە ئەكتیف تر لە جاران و لە هەموو دنیاشدا وایە، ژینگە كارێكی ڕەقابیە، تەنفیزی نییە، مافی مرۆڤ كارێكی ڕەقابیە، تەنفیزی نییە، مەسەلەی ناوچەكانی دەرەوەی هەرێم، ئەویش دەبێتە دەستەیەكی باڵا، زۆر زۆر سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار كاك ئیسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێموایە ئەو پرۆژە یاسایە لەلایەن سوڵتەی تەنفیزی، یان حكومەت ئیحالە بكرا بوایە، لەوانەیە باشتر بوایە، یان بە لایەنی كەم نوێنەری حكومەت لێرە بوایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار كوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەسەر مەسەلەی ئیلغا كردنی و ەزارەتەكان، من پێشنیار دەكەم هەندێك وەزارەتی تر دەمج بكرێت، نەك ئیلغا بكرێت، بۆ نموونە دەكرێت وەزارەتی كارەبا لەگەڵ پیشەسازی بە یەكەوە دەمج بكرێت، وەزارەتی كاروباری كۆمەڵایەتی لەگەڵ تەندروستی دەمج بكرێت، وەزارەتی خوێندنی باڵا ئیلغا بكرێت، دیارە ئەو وەزارەتانە كە دەڵێین دەمج بكرێت مەسەلەكە لەوە هاتووە، ئێمە باسی تەرشیقی حكومەت دەكەین، ئەم وەزارەتانە نزیكن لە یەكەوە، پێشتریش پێش چوار ساڵ ئەم وەزارەتانە پێكەوە یەك وەزارەت بوون، دەكرێت بۆ كەم كردنەوەی و بۆ باشتر تەرشیق كردنی حكومەت، بۆ كەم كردنەوەی هەندێك لە بودجەی تەشغیلی و هەندێك مەنصەب ئەم وەزارەتانە دەمج بكرێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار دكتۆر جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز د.جعفر علی رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەكەم لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی بەشێك لەو وەزارەتانە، وەزارەتی خوێندنی باڵاش ئیزافە بكرێت، لەبەرچی؟ لەبەر ئەوەی لە زۆربەی وڵاتانی دنیاش وەزارەتی خوێندنی باڵا وجودی نییە، بەڵكو بۆردێك، یاخود ئەنجومەنێك كە لە سەرۆكی زانكۆیەكان پێك دێت، لە كۆمەڵێك كەسایەتی پسپۆرو ئەكادیمی و شارەزا لەبواری ئیداری و سیاسی و زانستی تایبەتمەند پێك دێت، ئەمانە سەرجەم كاروبارەكانی خوێندنی باڵا بەڕێوە دەبەن لەو وڵاتەدا، نەك وەزارەتێكی تایبەت بەو بوارەدا دیاری بكرێت، بۆ نموونە ئێمە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا لێرە دوانزدە مودیریەت، تا پانزدە مودیریەت هەیە، كە هەر یەكێك لەم مودیریەتانە من بڕوام وایە ڕەنگە ئەمە سەرنجی تایبەتی خۆم بێت، پێموایە هێندەی موعەرقیلن لەبەردەم پێشچوونی ئاستی زانستی و ئەكادیمی و بووژاندنەوەی دیراسەتی ئەكادیمی لە ناو زانكۆیەكاندا هێندە موشەجیع نین لە ڕووی زانستییەوە، بۆیە باشتر وایە ئەو كاتە دەتوانرێت سێ مودیریەت دابنرێت، بۆ نموونە لە زانكۆیەكدا پێویستی بە تاقیگە هەیە زەروورییە ئەو زانكۆیە خۆی پێداویستی تاقیگەییەكانی خۆی دەزانێت، تاوەكو بگەڕێتەوە بۆ مودیریەتێك لەناو وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆ تاقیگەكان تەرخان كراون، یاخود پێویستی بە كتاب هەیە، كتابە جۆراوجۆرەكان ئەم زانكۆیە خۆی باشتر دەزانێت لەوەی مودیریەتێك هەبێت لەناو وەزارەتی خوێندنی باڵا ئیش بۆ خەڵك بدۆزێتەوە بەناوی مودیریەتی مەكتەبات، یان هەر ناوێكی تری لێ بنرێت، بۆ نموونە زەمالات و بەعسات هەبێت شتێكی زۆر چاكە بمێنێتەوە، مودیریەتێكی مالی هەبێت زۆر باشە بۆ سەرپەرشتی خەرجی زانكۆیەكان، چۆن سەرف دەكرێت مالیەن لە زانكۆیەكاندا، ئەگینا باقی دەسەڵاتەكانی تر ئیستیقلالیەتی ئیداری و مالی و علمی بگەڕێتەوە بۆ زانكۆیەكان، من پێموایە ساڵی پاریش لە خولی دووەمی پەرلەماندا پرۆژە یاسایەك لەم جۆرە ئیقرار كرا لە پەرلەماندا، بەڵام بەداخەوە كاری پێ نەكرا، ئەگەر ئەم ئیستیقلالیەتە بدرێتەوە زانكۆیەكان، بۆ زانكۆیەكان بگەڕێتەوە، وەزارەتی خوێندنی باڵا نەبوونی باشترە لە هەبوونی، پێموایە بۆ بەرەو پێشچوونی ئاستی زانستیش لە كوردستان زۆر شتێكی باشتر دەبێت ئەم بۆردە پێك بهێنرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار دكتۆر حەسەن فەرموو.**

**بەڕێز د.حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە خوێندنەوەی یەكەمی هەڵوەشاندنەوە كە خوێندرایەوە، من قسەیەكی كاك نێچیرڤانم دێتەوە یاد كە لە كاتی سوێند خواردنەكەی باسی كرد، ئەویش ئەوەیە كە كوردستان پێویستی بەم هەموو وەزارەتانە نییە، لەڕاستیدا خۆی جەنابی كاك نێچیرڤان بۆ خۆی زۆر ڕەشیق بوو، بەڵام ئیدارەی حكومەتێكی قەڵەوی دەكرد، بەلایەنی كەم برادەرانی لیژنەی یاسایی ئەو ڕەشاقەتەیان داوەتە حكومەتی نوێ و بێگومان ئەنجامیشی باش دەبێت.

دوو/ دەتوانم بڵێم دوو هەڵە لە كاری ئیدارەی پێشوودا دەبینرا، ئەویش ئەوەیە:

یەكەمیان/ وەكو سۆزان خان ئیشارەتی پێدا تێكەڵاویەك هەبوو لە بەینی كاری وەزارەتەكان و هەندێك ئیش و كاری تەنفیزی، بۆیە دەكرا هەندێك ئیش وكار كە تەنفیزی نییە، بەڵكو ڕەقابیە جیا بكرێتەوە لەو وەزارەتانە كە برادەرانی یاسایی ئەم كارەیان كردووە، هەندێك لەو وەزارەتانەیان هەڵوەشاندۆتەوە.

سێ/ (42) وەزارەت، تەبعەن موشكیلەیەكی گەورە لە كوردستان دروست دەكات لە مەسائیلی مالی، لە ڕەواتب و هەموو پێداویستیەكان سیارات و سەفەر، هەندێك پرەنسیپی تریش هەیە لە ئیعادەی هەیكەلیەت زەرورییە حیساباتی بۆ بكرێت، ئەویش ئەوەیە كار نەكاتە سەر ئاستی خزمەتگوزاری، یەعنی بەڕاستی دەبێت هەوڵ بدەین لە وەزارەتی ئایندەدا هەموو خزمەتگوزاریەكان لەو نۆزدە وەزارەتە جێی بكرێتەوە، پێشموایە كراوە.

حاڵەتی دووەمیان/ ئەوەیە كە ئەم وەزارەتانەی لە یەك دەچن لە كاردا، بێگومان ئەوانە دەمج بكرێن، فیعلەن تەبیعی ئەمانە هەمووی كراوە، بۆیە من تەئیدی كاری لیژنەی یاسایی دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار خەلیل عوسمان فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان احمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دەستخۆشی لە لیژنەی یاسایی دەكەم، بەڵام پرسیارم هەیە سەبارەت بەو سێ وەزارەتەی كە هەڵوەشاوە، ئایا نەدەكرا بەپێی ماددەیەكی یاسایی ئەگەر ئەم وەزارەتانە ببن بە لیژنە، یان بە هەیئە، یان دەزگا بەپێی بەندێكی یاسایی، یان ماددەیەكی یاسایی ئاماژە بەوە بكرێت بەپێی ماددەیەكی یاسایی دەسەڵات بگەڕێتەوە بۆ حكومەت، كە ئەم وەزارەتانە لە شێوازێكی تردا ڕێك دەخرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار صباح محەمەد فەرموو.

**بەڕێز صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یەكەمی ئەو پرۆژە یاسایەی كە پێشكەش كراوە، بێگومان هەموو ماددەیەكی یاسایی پێویستە موجیبات و ئەسبابی موقنعی خۆی هەبێت، لە كابینەی پێشوودا بوونی ئەم وەزارەتانە بۆ خۆیان ئەسبابیان هەبووە، ئەسباب و موجیباتی موقنعیان هەبوو، بۆیە ئیقرار كراو كارشیان كردو، كارەكانیان بەرچاوەو هیچ مانع نییە ئەگەر وەزارەتێك سیفەتی ڕەقابیشی هەبێت لە كابینەی حكومەتدا هەبێت، وجودی هەبێت، دەزگاكانی تەفعیل بكرێن، چونكە بەشێك لەو ڕەقابانە ڕەقابەتی دەوڵەت و دەسەڵاتە لەسەر كەرتی تایبەت، بۆ نموونە وەزارەتی ژینگە لەوانە ڕەقابە بێت لەسەر كارخانەكان، لەسەر كاروباری ئەو لایەنانەی كە كاریگەرییان هەیە لەسەر پیس كردنی ژینگە، جا بۆیە لێرەدا هەمیشە ئەو پرسیارە خۆی بەرجەستە دەكات بۆچی ئەم وەزارەتانە هەڵبوەشێنرێتەوەو بە دائیلەكەشیان دیاری نەكراوە لە ماددەكەدا؟ لە پرۆژە یاساكەدا، بوونی بەدائیلەكە زەرورییە لە حاڵەتێكدا دیسان ئەگەر ئێمە مەبەستمان ئەوە بێت كە تەرشیقی ئیداری بكەین، هەندێك لە وەزارەتەكانی تریش كە ماونەتەوە بە تەنیایی دیسان گلەیی ئەوەیان لێ دەكرێت، كە قابیلی دەمجن، بۆ دەمج نەكراون؟ جا بۆیە لێرەدا پێویست دەكات ئێمە سەیری وەزائیفی وەزارەتەكان بكەین، كاتێك كە وەزارەتێك ئیش و كارەكەی هەر بمێنێ و ڕۆڵی هەر هەبێ و كارایی هەبێ و پێداویستیەكی حەیاتی بێت بە نیسبەت خەڵكەوە، حەقە بهێڵرێتەوە، یەعنی بە بەهانەی تەرشیقی ئیدارییەوە ئێمە هەندێك لەو وەزیفە ئەساسیانە ئیهمال نەكەین، یان نەكەینە پەراوێزەوە وەكو وەزارەتی مافی مرۆڤ، وەكو وەزارەتی ژینگە، وەكو وەزارەتی كاروباری ناوچەكان لە دەرەوەی هەرێم، یەعنی لێرە باسەكە تەنها باسی كەلوپەل و ماف و ئیلتیزاماتیان كراوە، ئەی باسی ئەرك و واجیباتیان، ئەو

ئەركانەی دەكەوێتە سەرشانی یەكێك لەم وەزارەتانە، پێویستە دیاری بكرێت و ڕۆشن بێت بۆ ئەو كەسەی كە تەماشای دەكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار كاك حاكم رزگار فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من قسەی خۆم كرد، هەر ئەوە بوو لەگەڵ ئەم دەمجە جارێ لەگەڵی نیم، تاوەكو كابینە تەقدیم نەكرێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار كاك شڤان ئەحمەد فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وێڕای پشتگیری لە ئیلغا، یان هەڵوەشاندنەوەی ئەو وەزارەتانە دەكەم، من چەند تێبینیم هەیە، پێمودایە دەكرا ئێمە پرۆژە یاسایەك جیا بێت بۆ ئیلغا تێكەڵ نەكرێت لەگەڵ دەمج، چەند نوقتەیەك زەروریيە تێدا بێتن، فەترەی زەمنی زۆر زەروریيە لە ئیلغا كردنی ئەوانەدا هەبێت، چونكە ئەوانە تەبەعییەی قانونی دەمێنێتن، خەڵك هەیە عەقدی هەیە لەگەڵ ئەم وەزارەتانە، دەبێت فەترەیەكی زەمنی دیاری كراو بێت، هیچ نەبێت لەماوەی مانگێك، یان دوو مانگ كەمتر نەبێت، بۆ ئەوەی ئەم تەبەعییە قانونیانە یەكلا بكرێنەوە، بۆیە با بەپرۆژەیەكی یاسایی جیا بوایە لەگەڵ ئەوانی تر دەمج و پێكەوە نەبێت، ئەو فەترە زەمنیە ئەگەر دیاریش نەكرێت هەر لەو ماددەیە فەترە زەمەنییەك دیار بكرێت، نەك لە كۆتاییەكەی نەشر دەكرێتن، چونكە نەشرەكە شمولی ئەو ماددەیەش دەكات لێرە، یەعنی ئەو فەترە زەمەنییە زەروریيە، بۆ ئەوەی تەبەعییە قانونیەكەی یەكلا بكرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار كاك قادر حەسەن فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە پرۆژەی لیژنەی یاسایی دەكەم، بەڵام بۆ ئەو وەزارەتانەی كە هەڵدەوەشێندرێنەوە، یاخود ئەوانەی كە دەمج دەكرێن لەگەڵ وەزارەتی ترەوە، پێویستە یاسایەك هەبێت بۆ سەر لەنوێ ڕێكخستنەوە، چونكە فیعلەن ئەوانە بەرنامەی كاریان هەبووە، پرۆژەیان هەبووە، لەوانەیە بە نیوەچڵی مابێتەوە، دەبێت لەمەودوا شێوەكەیان دیاری بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار فازل بەشارەتی فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر (بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستخۆشی لە لیژنەی یاسایی دەکەم بۆ ئەو کارو ئەرکانەی کە کێشاویانە، بە حەقیقەت من یەك مولاحەزەم هەیە لەسەر حەل کردنی وەزارەتەکان، بەتایبەتی وەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم، بەحەقیقەت ئەم وەزارەتە وەزارەتێکی کاراو دەرکەوتوو بووە لەناو وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێموایە هەتاکو ئێستا ئێمە گەورەترین گرفتمان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی لە سنووری ئەو وەزارەتەی کە ئێستاکە حەل کراوە، ئێستا لەسەر ئەوە موناقەشە نییە، بەس لە هەمان کاتدا ئەو وەزارەتانەی تر کە حەل کراون، باسی دەمج کردنیان کراوە لەگەڵ وەزارەتێکی تر، ئەو باسی دەمج کردنەکەشی نەکر اوە، لە هەمان کاتدا گرفتەکان وەکو خۆی ماوەتەوە هەتاوەکو ئێستا لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی بۆ هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، رێزدار تارا خان فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری دەکەم لەو پرۆژە یاسایەی کە لیژنەی یاسایی پێشکەشی کردووەو دەستخۆشیشیان لێ دەکەم بۆ ماندوو بوونیان، بەلاَم ئێمە جەختمان زیاتر لەسەر وەزارەتی مافی مرۆڤە، دانانی ئەو لیژنەیە، یان دانانی ئەو دەزگایە، ئەو هەیئەتەی دەیبات بەڕێوە، لەبەر ئیمان بوونمان بە دیموکراسیەت و ژینگەی ئێستا لەبارە لەناو کوردستاندا بایەخدان بە مافی مرۆڤ یەکێکە لە ئیشە هەرە گرنگەکانی کە دەبێت زۆر لەسەری جەخت بکەین و زیاتر روون بکرێتەوە بۆ خەڵکی، ئەو هەیئەتەی کە دادەنرێت هەمان کار دەکات، بەلاَم بەس تەقلیص کردنێکە بۆ وەزارەتەکە، بۆ بەرژەوەندی ئەو کارەی ئێستا حکومەت پێی هەڵدەستێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، رێزدار جەمال تاهر فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، تەقریبەن مولاحەزەکانم زۆربەیان گوترا، بچینە سەرێ ئەگەر بەرێ خۆ بدەینە نەصێ عەرەبی، ڤێرێ هەندەك عەرەبیا ئیحتیماله نەدیارە.

یا دوێ/ ژی ئێل ڤێرێ بەس تەئکیدا لەسەر ئەوێ دیار کری (موجوداتها وحقوقها والتزاماتها)، ئایا مەوردی بەشەری ئەوە بۆ کوێ دەڕواتن؟ بۆیە پێشنیار دکەم صیاغە دووبارە ببێتەوە، بڵێن (تلغی الوزارات المذكورة في ادناه وتؤول كافة موجوداتها وحقوقها والتزاماتها)، ئایا لێرە باسی کادیری نەکردووە؟ ئەگەر کادیری

هەیە، باشە (الى مجلس الوزراء) ئۆتۆماتیکیەن (فى الاقلیم) ئەو کەلیمەی (فى الاقلیم) یەعنی وابزانم دووبارە دەکرێتەوە (للتصرف بشأنها وفق القانون)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەرچەندە لە لیژنەی یاسایی وەکو لە راپۆرتەکە دیارە، پشتیوانیمان بۆ پرۆژەکان کرد، بەلاّم هەندێك تێبینیمان هەبوو سەبارەت بەوەی کوێستان خانیش ئاماژەی پێ کرد، ئەویش پەیوەندی بە تێڕوانینە بۆ ئایندەی حکومەت لە کەم کردنەوەی وەزارەتەکان، کە لەم پرۆژەیە دەتوانین وەلاّمی ئەوانی تریش بدەینەوە، هەتا ژمارەی وەزارەتەکان کە پێویستە کەم بکرێتەوەو هەم ئەزموونی کابینەی رابردوو، هەم ئێستاش هەرێمی ئێمە بەرگری کابینەیەکی خاوەن دامەزراوی گەورە، کە پێموایە بێتە بارێکی گران بۆ بەڕێوە بردنی حوکمڕانی لە کوردستانی ئێمە، ئێمە پێموایە لەگەڵ کەم کردنەوە بین، لەگەڵ خاڵێکی ئەوەش کە بۆ نموونە وەزارەتی کارەبا هیچ زەروری نییە دابڕێت لە وەزارەتی پیشەسازی، ئەم وەزارەتە خۆمان دەزانین وەزعی کارەبای کوردستان چۆنە؟ چۆن بووەو مەشاریعەکانی چی بووە، ئەم پارە خەیاڵییە لە دامەزراوەکە سەرف دەکەین، نەك لە کارە خەدەمیەکە بخرێتە خزمەت، دەتوانین وەزارەتی پیشەسازی کە نزیکە لە وەزارەتی کارەبا دەمج بکرێت، ئەمە دەبێتە خاڵێك کە گرنگە، لایەنێکی تر کە من تێبینیم لەسەر هەبوو، ئەویش ئەوەیە وەرزش کە دەتوانم، راستە دابڕان نییە لە کۆمەڵگاو لە سەقافەی کۆمەڵگاش، بەلاّم دابڕان نییە لە لاوان، رەنگە بڵێین ئێمە دامەزراوێکی تر دروست دەکەین کە تایبەت بێت بە وەرزش، بەلاّم ئەمە ئیشی حکومەتە، یەعنی ئەمە لە پەرلەمانەوە حەقە تێڕوانینێکی تەواومان هەبێ، کە وەرزش بخرێتە سەر وەزارەت وەکو ئەهمیەتی خۆی، کە پەیوەندیان بە موجتەمەعەکەوە هەیە، بە سەقافەش هەیە، هەم بە لاوانیش هەیە، ئەمە خاڵێك بوو کە پێم باش بوو بیکەمە پێشنیاز بۆ کەم کردنەوەی کابینەکانی ئێمە، جگە لەوەی کە کاك دکتۆر جەعفەر باسی مەسەلەی خوێندنی باڵای کردو سەربەخۆیی زانکۆیەکان کرد، کە چەند گرنگە لە سیستەمی نوێی ئێستای ئێمە، کە ئەم وەزارەتانە چەند بۆتە هۆی ئەوەی کە حزب دەستکاری سەربەخۆیی زانکۆیەکان دەخاتە ژێر رەقابەی خۆی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار زانا فەرموو.

**بەڕێز د.زانا رؤوف حمە کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان من لەناو بەڕێزان لەگەڵ بەڕێزان لیژنەی یاساییشدا ئەو پێشنیازەمان کرد هەڵوەشاندنەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵاش بێت لەم حاڵەتەدا، گوتمان تەحەفوزمان هەبوو، بەڕێزتان ئاگادارن تەئیدی رەئیەکانی دکتۆر جەعفەر دەکەم سەبارەت بە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، چونکە ئەگەر بکرێت ئەنجومەنێك هەیە، پێی دەوترێت ئەنجومەنی

وەزارەت، یاخود لیژنەی خوێندنی باڵا، بەو مانا فراوانە سەیری بکەین، بەشێك لە ڕۆتینیاتی جامیعەكان كەم دەكەیتەوە، ئەوە یەك.

دووەمیشیان/ كاریگەرییەكی ئیجابی دەبێت لەسەر، تا ڕادەیەكی زۆر جامیعەكان بپارێزی.

سێیەمیشیان/ لەگەڵ هەمان پلانی كابینەی داهاتوودا یەك دەگرێتەوە، كە بریتییە لە بەشێك لە پێشێل كردنی وەزارەتەكان، یەعنی ئەمە لە سێ لاوە دەرئەنجامی ئیجابی دەبێت، ئەزموونی پێشووشمان هەیە لەگەڵ كاروبارەكانی وەزارەتدا، سەرەڕای ئەوەی كە مەوردێكی مالی زۆر دەبات، لە هەمان كاتدا تاقەیەكی بەشەریشیت لێ سەرف دەكات، لە هەمان كاتدا جۆرێك لە دیموكراسیەت و جۆرێك لە ئیش زیاد كردنیشی بۆ زیاد دەكات، بۆیە من پشتگیری ئەو ڕەئیەی دكتۆر جەعفەر دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار دكتۆر ئەرسەلان فەرموو.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

لە دەوڵەتانی پێشكەوتووی دنیا، كە سەدان ملیۆنن، زۆربەیان ژمارەی وەزارەتەكانیان لە پانزدە، شانزدە وەزارەت تێ پەڕ ناكات، ئێمەیەك بەو چەند ملیۆنیە لە كابینەی پێشوو (42) وەزارەتمان هەبووە، ئێستا لەم كابینەی دادێت كەم دەكرێتەوە، بووە (19) وەزارەت، ئەمە هەنگاوێكە بەرەو پێشەوە، هەنگاوێكە بەرەو تۆكمە كردنی حوكمڕانی حكومەت، لەبەر ئەوە ئێمە دەبێت ئەو كارە بە كارێكی زۆر ئیجابی بزانین، بەڕاستی دەبێت پشتیوانی لێ بكەین.

خاڵی دووەم/ بێگومان ئەو پرۆژەیە، چونكە هەر لیستێك.........

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز كاروان صالح احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەپێی پێڕەوی ناوخۆ ئەگەر جێگری سەرۆكی پەرلەمان قسە بكات، دەبێت بێتە ناو ئەندامانی پەرلەمان.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نەخێر، شتی وا نییە، ئەگەر بیەوێت پرسیار بكات، تكایە دانیشە، نوقتە نیزامیەكە لە جێی خۆی نییە، لە سەرۆكایەتی یەكێك بیەوێت پرسیارێكت تەوجیە بكات، دەبێت بێتە جێگای خۆی دانیشتن، سەیری پەیڕەوەكە بكە تكایە، فەرموو كاك دكتۆر ئەرسەلان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاڵی دووەم/ دەربارەی هەر یەکێك لێرە، یان هەر لیستێك لێرە، یان هەر کوتلەیەك لێرە، نوێنەری بیرو بۆچوونی یەك و لایەنێکە، بێگومان ئەو پرۆژەی کە تەقدیم کراوە، ئەو ئەندام پەرلەمانانەی کە واژوویان لەسەر کردووە لەسەر ئەو پرۆژەیە، بێگومان ڕێڕەوی لایەنەکانی ژیانی خۆیان گرتووەو راوێژ بە حکومەتیش کراوە، ئەوانەی کە حکومەت تەشکیل دەکەن، بۆیە ئەوەیان تەقدیم کردووە.

بەنیسبەت هەندێك لە وەزارەتەکان کە دەمج دەکرێن، یەکێك لەوانە مەسەلەن وەزارەتی مافی مرۆڤە، خۆی ئەگەر خەڵك گلەیی بکات لە چی گلەیی دەکات، مومکینە لە دامودەزگاکانی حکومەت گلەیی دەکات، ئەگەر مافی خەڵك پێشێل بکەن، لەبەر ئەوە دەبێت هەیئەتێك هەبێت، ئەو هەیئەتە تا رادەیەك ئازاد بێت، بۆ ئەوەی چاودێر بێت بەسەر ئەدای حکومەتەوە، بەلاّم ئەگەر خۆی وەزارەتێك بێت، مومکینە هەندێك لەگەڵ مەسەلەکان بە رێکی نەیەتەوە، بۆ ئەوانی تریش دەمج کراوە، یان هەیئاتی نوێیان بۆ پێك دەهێنرێت، ئەو هەیئاتانە دەسەلاّتیان بۆ پێك دەهێنرێت و ئیمکانیەتیان دەبێت، بەلاّم وەکو وەزارەتەکان، ئەو وەزارەتانەی ئێستا لەم پرۆژەیەدا هاتووە، پێموایە پڕ بە پێستیەتی بۆ ئەم وەزعەی ئێستای کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە ئێستا لیژنەی یاسایی وەلاّم دەداتەوە، پێش ئەوەی ئەوە بێت، تکا دەکەم لێتان کەس لە بابەتەکە دەرنەچێت، لێرە نە هجوم بۆ سەر حزب، نە بۆ سەر شەخصێك، نە بۆ سەر کەسێك، لەسەر ئەو ماددەیەی کە هەیە قسە دەکەین، حزب زانکۆی خستۆتە بەردەست، بەڕێزێك ئیشارەتی پێ کرد، تکایە جارێکی تر موراعاتی ناو جەلسەکە بکەن، لەسەر ماددەی یەك موناقەشەکە بە دوورو درێژی دەکرێت، ئەو پەڕی حوریەت و وەقتیشم داوە پێتان، بۆ ئەوەی بیری پیرۆزی خۆتان پیشان بدەن، دووبارە داوا دەکەم ئیلتیزام هەبێت، پاشان موقاتەعەتان دەکەم، بۆ منیش ناخۆشە، ئێستا لیژنەی یاسایی کەرەم بکەن وەلاّمی ئەو پرسیارانەی ئەندامانی پەرلەمان بدەنەوە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە زۆر مەسەلە ئیسارە کرا لەو جەلسەیە، خاڵ بە خاڵ پێدا دێین، یەکەمیان/ ئەوەیە هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمان ئیشارەت بەوە دەدەن، کە دەبوایە ئەم پرۆژەیە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش بکرێت، نەوەك لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، تەبیعی ئێستا حاڵی حازر حکومەتی هەرێمی کوردستان کابینەی پێنجەم، حکومەتی تەسریف ئەعمالە، بۆیە ئەم مەسەلەیە دیراسەت کراوە لە لایەن راسپێردراوی حکومەت، کە سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەتن، دیارە ئەوانیش پرۆژەکەیان دیراسەت کردووە، واتا لە نیزامی پەرلەمانیش زۆر شتێکی تەبیعییە، کە هەماهەنگی نێوان حکومەت و پەرلەمان هەبێت، بۆیە ئەگەر هاتو پرۆژەیەك تەقدیم کرا لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، ئیمکان هەیە ئەمە هەم تەعبیر لە رەئی ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان بکات، هەم تەعبیر لە رەئی حکومەتیش بکات، دیارە ئەم پرۆژەیە بە دیراسەتەوە هاتۆتە کایەوە، بۆ کەم کردنەوەی وەزارەتەکان، چونکە حکومەت دەڵێت من دەتوانم بە جوانترین شێوە خزمەتگوزاری بگەیەنمە هاووڵاتیانی کوردستان، بەپێی ئەو بەرنامەیەی کە بۆم داناوە، بەپێی ئەو ریزبەندییە ئیلغا کردنی چەند وەزارەتێك و دەمج کردنی چەند وەزارەتێك دەتوانم بەباشترین شێواز لە هەرێمی کوردستان

ئـەدای خـۆم بكـەم، جگـە لـەوەش هەنـدێك لـە بـەڕێزان ئەنـدامانی پەرلـەمان ئیشـارەتیان بـەوەدا كـە ئـەم هەیئاتانـە بـۆ تەشكیلاتەكانیان نەهاتۆتە ئێرە؟ ئێستا ئێمە بەرامبـەر بـە پرۆژەیـەكین، كـە پـرۆژەی ئیلغـا كـردن و دەمـج كردنـی هەنـدێك وەزارەتە، بە تەئكید ئەم هەیئاتانەی كە دروست دەكرێن، كە دەبنە بەدیلی ئەم وەزارەتانەی كـە ئیلغـا كـراوە، پرۆژەكـە دێتـە بەردەست جەنابتان، بۆ ئەوەی ئێوە لێرە بە تەفسیل موناقەشەی بكەن و رەئی خۆتان لەسەر دەرببڕن.

سەبارەت بە مەسەلەی مافی مرۆڤ و ئەوانە، بەڕاستی دیارە زۆربەی وڵاتان بـەرەو ئـەوە دەڕوات، كـە دەڵێـت نابێـت مـافی مـرۆڤ بەشێك بێت لە حكومەت، واتا بەشێك بێت لە سوڵتەی تەنفیزی، چونكە چۆن دەبێت بەشێك بێت لـە سـوڵتەی تـەنفیزی، لـە هەمان كاتیش دیفاع لە مافی مرۆڤ بكات؟ بۆیە زۆر وڵات بـەرەو ئـەوە دەچێـت، كـە مـافی مـرۆڤ هەیئـەتێكی موسـتەقیل بێـت، ئینجا سەر بە چ لایەنێك بێت بۆ تەمویل ئەمە مەسەلەیەكی ترە.

ئـەركی وەزارەتـەكان، هەنـدێ بـەڕێزان ئەنـدامانی پەرلـەمان ئیشـارەتیان پێـدا، ئـەركی وەزارەتـەكان كـەی هەیكەلیـەتی وەزارەتەكان هاتە ناو پەرلەمانەوە، ئەو وەختـە ئێمـە دەتـوانین بـە تەفسـیل هەیكەلیـەتی وەزارەت لێـرە موناقەشـە بكـەین و رەئی خۆمان لەسەر بدەین.

سەبارەت بە حقوق و ئیلتیزاماتی ئەو وەزارەتانەی كە ئیلغا كراونەتـەوە، ئێمـە لـە پرۆژەكـە ئیشارەتمان پێداوە دەڵێـت ئـەم حقوق و ئیلتیزاماتی هەتا كاروباری فەرمانبەرانیش ئێستا داخیلمـان كـرد، دەگەڕێتـەوە بـۆ ئەنجومـەنی وەزیـران، بـۆ ئـەوەی بەپێی یاسا موعامەلەی لەگەڵ بكرێت.

بەنیسبەت هۆكارەكانی ئیلغاو دەمج كردن، ئەگەر تەماشای راپۆرتی لیژنەی یاسایی بكەین، ئێمە لە لیژنـەی یاسـایی ئەسـبابی موجیبەمان دیاری كردووە، كە ئەسبابی پێشكەش كردنی ئەم پرۆژەیە چیە؟ جگـە لـەوەی دەمێنێـت هەنـدێك موقتـەرەحات كە ئاراسـتەی سـەرۆكایەتی پەرلـەمان كـراوە لەلایـەن ئەنـدامانی پەرلەمانـەوە، یـاخود لەلایـەن كەمینـەی ئەنـدامانی لیژنـەی یاساییەوە، سـەبارەت بـە ئیلغـا كردنـی هەنـدێك وەزارەت، یـاخود بـە دەمـج كردنـی هەنـدێك وەزارەت، ئـەوە دەگەڕێتـەوە بـۆ سەرۆكایەتی پەرلەمان كە بیداتە دەنگدان، یان نەیدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو پێشنیارانەی كە بۆ وەزارەتی كارەبا هات، ئەوە لە وەختی خۆی دێت، كە چووینە سەر وەزارەتی كارەبا، ئەو وەختە ئەو پشتیوانەی لێكرا، ئێستا ئێمە ماددەی یەك، تكایە لیژنەی یاسایی بە كوردی و بـە عـەرەبی بیخوێننەوە، نوقتەی نیزامی كەرەم بكە.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیـارە ئـەوە جـەنابت روونـت كـردەوە، كـە دوو پێشـنیاری كارەبـاو پیشەسـازی و كاروبـاری كۆمەڵایـەتی و تەندروسـتی هەڵـدەگرن بـۆ كـاتی موناقەشـەی خـۆی، بـەڵام چـوار، پێـنج ئەنـدام پەرلـەمانی كوردسـتان پشتگیریمان لەوە كرد كە لە ئیلغایەكەدا وەزارەتی خوێندنی باڵا ئیلغا بكرێت، پێموایە دەكرێت ئەم بخرێتە دەنگدانەوە، چونكە ........... .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كە هاتینە سەری ئەویش لە زیمنی دەبێت، هـیچ ئـەو موقتەرەحاتانـەی كـراون تەسـنیە كـراوە، پێشـنیار هـاتووە كـە تەسـنیە كـراوە لەلایـەن چـەند ئەنـدام بـەڕێزی پەرلـەمانی كوردسـتانەوە، كـە وەزارەتـی خوێنـدنی بـاڵا ئیلغـا بكرێتـەوە، ئێسـتا ئێمـە دەیخەینـە دەنگدانـەوە، وازیـح بـوو بۆتـان، پێشـنیار هـاتووە بـۆ ئیلغـا كردنـی وەزارەتـی خوێنـدنی بـاڵا، كـە وەكـو وەزارەت

نـەمێنێتن، دەیخەینـە دەنگدانـەوە، پـێش ئـەوە بیخەینـە دەنگدانـەوە، داوا دەکـەین دوو کـەس دیفـاعی لـێ بکـات، بـۆ ئـەوەی بمێنێت، دیفاعیش بکرێت بۆ ئەوەی نەمێنێت، ئەو بەڕێزەی دەیەوێت وەزارەتی خوێندنی باڵا بمێنێت تـەنها دوو کـەس، دوو کەس دەنووسین بۆ ئەوەی دیفاعی لێ بکات، دوو کەسیش دەنووسین ئەوەی دەیـەوێت ئیلغا بکرێـت، ئـەم دوو ڕێـزدارە پـەیمان عزالدین و برهان رشید بۆ ئیلغا، عبدالسلام بـەرواری و سـۆزان شـهاب بـۆ دیفـاع کـردن بمێنێت، ئێسـتا پـەیمان عزالـدین کـە دەفەرمووێت ئەوە ئیلغا بکرێت کەرەم بکە.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو خاوەنی ئـەو پێشـنیازە ئاماژەیـان پـێ کـرد، کـە ئێمـە لـە خوێنـدنی بـاڵاو، لـە توێژینـەوەی زانسـتیدا، بەڕاسـتی ئـەوەی لـەو بـوارەدا شـارەزایی هـەبێ دەزانێـت گرفتێکـی هـەرە سـەرەکی ئـەم هەرێمـەی ئێمـەو زانکۆیـەکانی ئێمـە ئەوەیـە کـە مەرکەزیـەت ڕۆحـی زانسـتی کوشـتووە، مەرکەزیـەت پێشـکەوتنی زانسـتی کوشتووە بۆ ئەوەی هەموو لە ژێـر کـۆنترۆڵێکی مەرکەزیـدا، چ خوێنـدنی بـاڵا، چ خوێنـدنی زانکۆیـەکان، چ توێژینەوەی زانستی، کە هەموو ئەمانە بواری زۆر کاریگـەرن و دەبـێ لـە هـەرێمی کوردسـتاندا گرنگـی بـەو لایەنانە بدرێت، بۆ ئەوەی بزانین هەنگاوەکانی داهاتوومان چۆنە، بۆ ئەوەی لەسـەر ئەساسـی ئامـارو داتـای زانستی و پرۆژەی بـا بڵێین بەحسـی زانسـتیەوە ئـیش لەسـەر داهاتوومـان بکـەین، کـە ئەمانـە لـە ئێسـتاوە بەڕاستی وجودێکی ئەوتۆی نییە، ڕۆتین و کـاری ئیـداری و بەسـتنەوەی بـە وەزارەتێکـەوە، جگـە لـە دەسـت خستنە بینە قاقای زانکۆیەکان بۆ چ وەرگرتنی خوێندکار لە خوێنـدنی زانکۆییـدا، یـان خوێنـدنی بـاڵادا، چ پرۆژە تایبەتیەکانی دەزگا تایبەتیەکانی بە توێژینەوەی زانستی مراندوە، بۆیە من پشـتگیری لابردنـی ئـەو وەزارەتە دەکـەم، کـە جۆرێـك لـە سـەربەخۆیی وەکـو زۆربـەی هـەرە زۆری وڵاتـانی پێشکەوتوو بـدرێت بـە زانکۆیەکانی هەرێمی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار برهان ڕەشید فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگـەڵ ئـەوەدام ئـەو وەزارەتـە نـەمێنێت، بۆچـی؟ لەبـەر ئـەوەی ئێسـتا خۆیـان وەزارەت ئەنجومـەنێکی هەیە، کە سەرۆکی جامیعەکان تیایدا ئەندامن، باشە ئەگەر وەکو تـەجروبـەی وڵاتـانی کـە زۆربـەیان ئێسـتا وایە، ئازادی و سەربەخۆیی بدرێتە ئەو موئەسەسانە، خۆیان موئەسەسەکەی خۆیان بەرن بـەڕێوە بـە پێـی ئەو نیزامە ئەوروپییەی ئەمڕۆ ئیشی پێوە ئەکەین، هەم خزمەت بـە ڕەوتـی خوێنـدن و هـەم خزمـەت بـە ڕەوتی زانکۆکان و توێژینەوەی زانستیش ناکـات؟ بـەرای مـن ئەگـەر ئێمـە ئەمانـەوێ خزمـەتی ئـەو سـیلکە بکەین، حەقە خۆیان موئەسەسە بن و ئێمە وەزارەتێ نەهێڵین بەو ناوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار سۆزان شەهاب.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من خۆم لە خولی پێشووشدا یەكێك بووم لەوانەی كە داواكاریم كردووە كە وەزارەتی خوێندنی باڵا نەمێنێ، بەڵام لەگەڵ ئەو واقیعەی كە ئێستا ئەمڕۆ هەیە، ئێستا یەكسەر لە پڕ لایبەرین، بە تایبەتی ئێمە كۆمەڵێك بەڕێوبەرایەتیمان پێویستە كە ئەبێ هەبێت بۆ ئەوەی كە جێگەیەك بگرێتەوە بۆ یارمەتی ئەو بۆردە باڵایەی بكات، كە ئینشاڵا یاساكەی دەخرێتە بەردەستی ئەندامانی پەرلەمان، پێویستیمان بە كۆمەڵێك بەڕێوەبەرایەتی هەیە یاخود مەجالیس هەیە كە سەر بەئەنجومەنی باڵا بن، لەوانە مەجلیسی ئیعتیماد بۆ تەقییم كردن، مەجلیسی بەحسی عیلمی عالی كە ئەویش هەر رەبت ئەبێتەوە بە بۆردەكە، ئێتر ئەوە ئێستا هەڵوەشاندنی وەزارەت بە بێ دروست كردنی ئەو هەیكەلیەتانەی كە بچووك بچووك لە دوای یەك كۆ ئەكرێتەوە لە ژێر چەتری ئەنجومەنی باڵا، دەبێتە هۆی یەك خستن یاخود جۆرێك لە پشێوی نانەوە و بە تایبەتی هەتا وەكو ئێستا ئێمە فێر نەبووین چۆن خۆمان خۆمان بەرێوەبەرین، بە تایبەتی لەناو زانكۆكاندا، ئەوەش هۆكارێكە لەسەر ئەوەی كە ئێمە ماوەیەك ئەو وەزارەتی خوێندنی باڵایە ئەو كارانە پێی هەستێت و ئامادە بكات بۆ ئەوەی ئەو ئەنجومەنە باڵایە دروست ببێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**رێزدار عبدالسلام بەرواری فەرمووو.**

**بەڕێز عبدالسلام صديق مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەداخەوە قسەكانم لاواز دەرئەچن، چونكە خۆم ئامادە كردبوو بۆ هەمان قسەكانی سۆزان خان، بەڵام من دەمەوێ بە شێوەی خۆم بیلێم ئەگەر ئیجازەم بدەنێ، ئێمە دەبێ جیاوازی بكەین بەینی دوو بابەت، بابەتێك ئێمە باسی پێكهاتەی وەزارەتی تازە ئەكەین، بابەتێكی تر ئێمە تێڕوانینی خۆمان دەربارەی خوێندنی باڵا دەردەبڕین، بێگومان لەبەر ئەو هۆیانەی سۆزان خان باسی كرد، دەبێ پەلە نەكەین لەوەی هەر ئیلغائی وەزارەت، خۆم یەكێك لەوانەمە كە ئەو وەزارەتە موعەرقل بوو، یەك لەوانەم كە ئەڵێن، وەزارەتەكە ڕەنگە پێگەی دەزگایی هی زانكۆكانیشی لاواز كرد، بۆیە وەزعێكی وا خوڵقاوە ئەگەر ئێستا ئێمە یەكسەر وەزارەتەكە نەهێڵین، ڕەنگە لە رووی عەمەلیەوە هەر پابەندی ئەو ئیلتیزامە بین كە سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا هەبوو، بەڵام تەنها بۆ رواڵیتی بۆ دەرەوە وامان دەركردووە كە ئەو وەزارەتە نەبێت، بۆیە من پشتگیری لەوە ئەكەم كە ئەو وەزارەتە جارێ بمێنێت، بە مەرجێك ئێمە پەلە بكەین لە دەرچوواندنی یاسایەكی مۆدێرنی رێكخستنی خوێندنی باڵاو توێژینەوە كە زانكۆكانمان لە شێوەی مەدرەسە دەربكات و بیكاتە زانكۆی دروست، ئەو هەموو گفتو و گۆ و كێشانەی لەسەر عبور و نا عبور، من لە ئەوروپا خوێندوومە و نەمدیوە، لەوێ تۆ چەند یونیتیت هەیە و بە چەند ساڵێك تەواوی ئەكەی، نە سەڤ یەكەم و دووەم، ئەوە یەكەم، دووەمیش، هیوادارم لە كابینەی شەشەم وەزارەتی خوێندنی باڵا گرنگترین ئەركی ئەوە بێتن ئەركی خۆ هەڵوەشاندنەوەو رێك خستنی باری خوێندنی باڵا بە پێی ئەو یاسایە تازەیە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان گوێتان لە هەردوو بۆچوونەکە بوو، ئەوەی کە لابردرێ و ئەوەی کە بمێنێ، ئێستا ئەیخەینە دەنگدانەوە، ئەو بەڕێزانەی لەگەڵ ئەوەن کە ئەو وەزارەتە ئیلغا بکرێ، کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ 33 رێزدار لەگەڵدایە کە ئیلغا بکرێتەوە، کێ لەگەڵ ئەوەی دایە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ ئەکسەریەتە، بە زۆرینەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە، ئێستا دێینە سەر ماددەکە، تکایە لیژنەی یاسایی وەکو خۆی بە کوردی و بە عەرەبی بیخوێننەوە، تا بخرێتە دەنگدان.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الاولى:

تلغى الوزارات المذكورة ادناه و تؤول كافة موجوداتها و مستحقاتها و التزاماتها و شؤون منتسبيها الى مجلس الوزراء للتصرف بها وفق القانون:

1-وزارة حقوق الانسان.

2-وزارة شؤون المناطق خارج الاقليم.

3-وزارة البيئة.

ماددەی یەکەم: ئەو وەزارەتانەی خوارەوە هەڵدەوەشرێنەوە، هەموو کەل و پەل و ماف و ئیلتیزاماتیان و کاروباری کارمەندانی دەدرێتەوە ئەنجومەنی وەزیران، تا هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکرێت:

1-وەزارەتی مافی مرۆڤ.

2-وەزارەتی کاروباری ناوچەکان لە دەرەوەی هەرێم.

3-وەزارەتی ژینگە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ماددەی یەکەم وەکو خوێندرایەوە بە عەرەبی و بە کوردی، ئەیدەینە دەنگدان، کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە، 69 رێزداری لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەی دواتر تکایە، فەرموون.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم: وەزارەتی گواستنەوە و وەزارەتی گەیاندن لە یەك وەزارەت لێك دەدرێن بەناوی (وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن).

المادة الثانية: تدمج وزارة النقل و وزارة الاتصالات في وزارة واحدة باسم (وزارة النقل و الاتصالات).

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسا لەگەڵ دەقی ماددەکەین و هیچ تێبینیمان نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو بەڕێزانەی کە موداخەلەیان هەیە تکایە دەست بەرز بکەنەوە بۆ ئەوەی ناویان بنووسین و ڕەئی خۆیان بدەن، کەس نیە تەنها یەك کەس هەیە، کاك خورشید احمد فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز دەبێژم ئەگەر نەصە عەرەبیەکە بکرێتە: تدمج وزارتي النقل و الاتصالات، ئەوە بە قوەتتر دەبێ.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله (بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە ئەو تێکەڵ کردنە، بەڵام پێم باشە لەگەڵ ئەو تێکەڵکردنە ئیزافەی کارەباشی بخەنە سەری، وەزارەتی کارەباش بچێتە ناو ئەو وەزارەتە و لەگەڵی دەمج بکرێ.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان: سوپاس، ئەوە یەك موقتەرەحەو ناخرێتە دەنگدانەوە، ئێستا ماددەکە بە گشتی ئەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەکەیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەی سێیەم، فەرموون.

**بەڕێز زانا ڕۆوف حمە کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم: وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتی دەرامەتیە ئاوییەکان لە یەك وەزارەت لێك دەدرێن بەناوی (وەزارەتی کشتوکاڵ و دەرامەتە ئاوییەکان).

المادة الثالثة: تدمج وزارة الزراعة و وزارة الموارد المائية في وزارة واحدة باسم(وزارة الزراعة و الموارد المائية).

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بە کۆی دەنگی ئەندامانی لێژنەی یاسایی لەگەڵ دەقی ماددەکەین و هیچ مولاحەزەمان نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ ئەیەوێ موداخەلە بکات لەسەر ئەم ماددەیە تکایە دەستی بەرز بکات؟ ڕێزدار شاهۆ فەرموو.

**بەڕێز شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەست دەکەم لە دەمج کردنی ئەم وەزارەتانە، ئیشکالیەتێك هەیە لە ئیختیصاصی ئەو دەمجانە، چونکە ئەگەر ئێمە مەبەستمان لە دەرامەتیە ئاوییەکان، سەرچاوەی ئاوی بێ ئەوە بەشێکە لە ئیختیصاصی سەرچاوە سروشتیەکان، ئەگەر مەبەستیشمان ئاودێریە، بە فیعلی ئاودێری بەشێکە لە ئیختیصاصی وەزارەتی کشتوکاڵ، سەرچاوەی ئاوی تەنها پەیوەندی بە وەزارەتی کشتوکاڵەوە نیە، بەڵکو لە لایەکەوە پەیوەندی بەئاساییشی نیشتمانی هەیە، لە لایەکی تریشەوە پەیوەندی بە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەن

**وەزارەتی شارەوانی هەیە، هەموو ئەو وەزارەتانە بە جۆرێك لـە جۆرەكـان پەیوەنـدییان بـە سـامانی ئـاوەوە هەیە، بۆیە من پێشنیارەكەم وایە، یاخود بكرێ بە وەزارەتی كشتوكاڵ و ئـاودێری، یـاخود ئەگـەر مەبەسـت سامانی ئاوە، بچێتە پاڵ ئیختیصاصی وەزارەتی سامانە سرووشتیەكان، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**رێزدار كاروان فەرمووو.**

**بەڕێز كاروان صالح احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من پشتیوانی لە رایەكانی د.شاهۆ دەكەم، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**رێزدار دانا فەرمووو.**

**بەڕێز دانا سعید صوفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەراستی من پێم سەیرە لێژنـەی یاسایی، ئـەوەی كـە مـن ئیشـارەتم پێـدا لـە كۆبوونـەوەی یەكـەم، چـاكیان نەكردەوە تا ئێستا، لەبـەر ئـەوەی دوو نەصـی جیاوازیمـان هەیـە ئێمـە، لـە نـاوی وەزارەتـەكان، لـە پـرۆژەی هەمواركردنەكە بە شێوەیەكی تر هاتووە، ناوەكەی وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاوە، نەك دەرامەتـە ئاوییەكان.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**رێزدار پەیمان خان.**

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئەم دوو وەزارەتە كە لە پێشنیارەكەی لێژنەی یاساییەوە هاتووە كە دەمـج بكـرێ بـە یەكـەوە، بەراسـتی وەكـو بـەڕێز د.شـاهۆ وتـی دوو تەخەسوسـی جیـاوازی هەیـە، كـە هـەر یەكێكیشـیان گرنگیـەكی یـەكجار زۆری لـە هـەرێمی كوردسـتاندا هەیـە، بـە نیسبەت كشتوكاڵەوە ئەگەر ئێمە تێبینی بكەین، بە تایبەتی كە زۆرینەمان كۆكین لەسـەر ئـەوەی كـە ئـەبێ كـەرتی كشـتوكاڵ بایەخی یەكجار گەورەی پێ بدرێ لە هەرێمی كوردستاندا، پێویست بەوە دەكـات كـە وەزارەتێكـی تایبـەتی هـەبێ لـە هـەرێمی كوردستاندا، بەڵام ئاودێری وەكو د. شاهۆ وتی لەگـەڵ ئـەو وەزارەتەیـەوە بـێ، بـەڵام بـە نیسـبەت سەرچـاوەكانی ئـاوەوە، ئێمـە ئەبێ لەوە دڵنیا بین كە گرنگی ئاو لە گرنگی نەوت كەمتر نیە كە لەناو سەرچاوە سروشتییەكاندا هەیە، شـەڕی ئاییـنـدەیی و جیهانیش لەسەر ئاوە، ئەوە گرنگیەك بۆ خۆی دەرئەخات كە لە نەوت كاریگەری زیاتر ئەبێ لە داهاتوودا، بۆیە بەرای منیش سەرچاوەكانی ئاو بچێتەوە ناو سەرچاوە سروشتیەكان، چونكە لەوێ جێگای خۆی ئەبێت و گرنگی خۆێ پێ ئەدرێ، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**رێزدار كوێستان خان.**

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**هەمان تێبینی هاورێکانم، د.شاهۆ و کاک کاروان و پەیمان خانم هەیە، پشتگیری ڕەئیەکەی ئەوان دەکەم، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ڕێزدار تارا خان.**

**بەڕێز تارا تحسین یاسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**قسەکانم کرا، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ڕێزدار کاک جلال.**

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەرەئی من وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکان یان دەرامەتە ئاوییەکان پەسندە، بەڵام بۆ مەسەلەی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری، دیارە ئاودیری ناولێنانێکی کۆنی وەزارەتەکەیە کە وەختی وەزارەتی ئاودێری بووە کە مونافەسە لەسەر ئاو گرنگیەکی زۆر تایبەتی نەبووە لە جیهاندا، دیارە ئێستا ئاو و کۆکردنەوەی ئاو، عیلمێکی تازە هەیە کە مەسەلەی دوورینەوەی ئاون، کە دیارە سەرچاوە ئاوییەکانیش بەشێکە لەوە، لەبەر ئەوەی بە ڕەئی من مانەوەی ناوی کشتوکاڵ و سەرچاوەی ئاوییەکان یان ئەوەی تر زەرووڕە، چونکە ئاودیری بەراستی تەسمیەی کۆنە، ئیستا ئاودیری شێوازی تازە و عیلمی هەیە، کە زۆر جیاوازە لەگەڵ شێوازەکانی تر، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ڕێزدار ناسك خان.**

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**قسەکانی من کرا، بەس هەر حەز دەکەم تەئکیدەك بکەم لەسەر ئەوەی کە دیارە ئاوییش یەکێکە لە سامانە سروشتییەکان، سامانێکی گرنگیشە کە لە کۆتایی هەشتاکانەوە باس لە شەڕی ئاو دەکرا لە 2010، ئێستاش سەرەتای ئەو شەڕە دەستی پێکردووە و پێم وایە ئەگەر بچێتە پاڵ سامانە سروشتییەکان، بۆ ئەوەی وەزارەتی کشتوکاڵیش ئیستیقلالیەتی خۆی وەربگرێ، چونکە بەراستی ئێمە لە ئاستی جیهاندا خاوەنی ئەرزێکی زۆر بەپیتین، خاوەنی تاقەیەکی وزەی خۆر و ئاوین، لەبەر ئەوەی پێم وایە وەزارەتی کشتوکاڵ و دەرامەتە ئاوییەکان ئیختیصاصێکی جیاوازە و بگوازرێتەوە بۆ سامانە سروشتییەکان، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ڕێزدار هاژە خان.**

**بەڕێز هاژە سلێمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منـیش پشـتگیری لـەوە ئەکـەم کـە وەزارەتـی کشـتوکاڵ بـە تـەنیا بمێنێتـەوە، چـونکە ئـاویش بـە سـامانێکی سروشتی دادەنرێ، هەر بە تەنیا وەزارەتی کشتوکاڵ بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی کەرەم بکەن بۆ جوابدانەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سـەبارەت بـە مـەوزوعی ئـەو دەسـتەواژەیەیەی برایـەکی بـەڕێزم ئیشـارەتی پێـی دا، ئێمـە بـە نیسـبەت مەشروعەکان، نەسی عەرەبی ئەساسە، بەلاّم لە تەرجومـە رەنگـە ئـەو دەسـتەواژانە بـەکاردێت، بۆیـە ئێمـە وەکـو لیژنـەی یاسـایی مەسـئول نینـە لـە تەرجومە،بـەڵکو سـتافێکی تایبـەت هەیـە لـە پەرلـەمان ئـەوان تەرجومەکە دەکەن مەشاریعی قەوانین، بە نیسبەت دەمجی وەزارەتەکان، دەمجـی هـەردوو وەزارەت تەبعـەن بە قەناعەتی ئێمـە، مەسـادری مـائی مەسـدەرەکە مهمـە، نـەوەك بەڕێوەچـونی ئاوەکـە تـەوزیع کردنـی یـان تروقـی رەی، مەسـدەرەکە عیلاقـەی بـە مەسـەلە نەتەوەییـەکان هەیـە، نـەوەکو چـۆنیەتی بەڕێوەچـوونی دابەش کردنی ئاوەکە، یان تروقی رەی لـە هـەرێمی کوردسـتان، بۆیـە ئێمـە لەگـەڵ دەقـی ماددەکـەین، هـیچ تێبینی دیکەمان نیە، ئەگەر موقتەرەحاتی دیکە هەیە بە نیسـبەت ئەوبەڕێزانـەی کـە ئیشـارەتیان پێـی دا، کە ئاراستەی سەرۆکاتی کراوە،ئیمکان هەیە بدرێتە تەسویت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا پێشنیار هەبوو، تەسمیە کرا کە ئاو بچێتە سـەر سـامانە سروشـتیەکان، یـان ئـەو موقتـەرەحێك بـوو، موقتـەرەحی دووەمـیش ئـەوبوو، بچـێتە سـەر، لـە زراعـە جیـا بکرێتـەوە، ئێسـتا ئـەو موقتەرەحـەی ئـەو رێزدارانە کە پشتگیریان لێی کرد، کە بچێتە سەر سامانە سروشتیەکان، دوو کەسم ئەوێت دیفاعی لێ بکات، لە موقتەرەحەکەی پێشنیار کرا، دوو برادەریش لە ئەسڵی مەشروعەکە وەکو لەگەڵیەتی دیفـاع بکـات، ئـەو بەڕێزەی ئەیوێت کە پشتگیری لەو پێشنیارە بکات، کە بچێتە سەر سامانە سروشـتیەکان، د. جعفـر ، پـەیام، کێ دەیەوێت وەکو خۆی بمێنێتەوە، جەلال عەلی، سۆزان شەهاب، ڕێزدار د.جعفر فەرموو.

**بەڕێزجعفر علی رسول محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بێگومان ئەوە شـتێکی زۆر وازحـە، وابـزانم ڕەنگـە مناقەشـە زۆر هەڵنـەگرێت، کـە ئـاو بەشـێکە لـە سـامانی سروشتی بە هـەموو شـکلەکانیەوە، چ بـاران چ ئـاوی ژێـر زەوەی وچ ئـاوی سـەرزەوی، ئەمـە هـیچ گومانێـك هەڵناگرێت، لەگەڵ کشتوکاڵ ڕاستە کشتوکاڵ گرنگـە لـە ولاّتـی ئێمـەدا پشـت بـە بـاران و بەسەرچـاوەی ئـاو دەبەستێت، بەلاّم سەرچاوەی ئـاو بـەخۆی بەشـێکە لـە سـامانی سروشـتی، یـەعنی بـەرگی تـەبیعی، یـەعنی

بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ كشتوكاڵ گونجاو نیە، تاوەكو ئەوەندەی لەگەڵ سامانە سروشتیەكان دەگونجێت، بۆیە باشتر وایە لەگەڵ سامانە سروشتیەكان جێگای بكرێتەوە، دەكرێت ئەو وەزارەتانە دواجار خۆیان تەنسیق بكەن لەسەر ئەوەی چۆن ئاوی كشتوكاڵ دابین دەكرێت، چۆن سوود لەسەرچاوەی ئاو یاخۆد دەرامەتە ئاویەكان وەردەگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس ڕێزدار پەیام فەرموو.

**بەڕێز پەیام احمد محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە من پشتگیری لە بۆچوونەكانی برادەرەكانم دەكەم، ئێمە باش دەزانین ئاو وەكو باسیان كرد، سەرچاوەی سامانە سروشتیەكانە، پێویستە زۆر بایەخی پێ بدرێت، و بخرێتە پاڵی ئەوەوە، بەڵام وەكو ئەوەی كە ڕەی بێ و كە ئاودێری بێ بكرێت لێرە كشتوكاڵ و ڕەی و ئاودێری، ناكرێ وەكو سامانە سروشتیەكان كە لێرە باس ئەكرێ بخرێتە پاڵ كشتوكاڵەوە، چونكە لێرە زۆر گرنگە ئاو لەگەڵ سامانە سروشتیەكان بێ، چونكە چۆن نەوت ئەهمیەتی هەیە ئاویش هەروا ئەهمیەتی هەیە، شەڕی ئایندەمان لەسەر ئاوە، دەبێ ئەوە گرنگ بێ، دەمج بكرێ لەگەڵ سامانە سروشتیەكان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕێزدار جەلال عەلی فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من مولاحەزەیەكم هەیە لەسەر پلانی پێنج ساڵەی وەزارەتی كشتوكاڵ كە بەتەنیاش بووە، لە 67.5٪ بودجەی وەزارەتی كشتوكاڵ داندراوە بۆ جێبەجێ كردنی پرۆژەكانی ئاودێری، ئەوە خاڵێكم كە ئەوە گرنگی خۆی هەیە، دیارە كشتوكاڵ بە بێ ئاو لە وڵاتی ئێمە، ئەو وەزعەی كە ئەبینین ئێمە، كە ئیعتیماد دەكەینە سەر باران، ساڵی وا هەیە باران نابارێ و وشكە ساڵی هەیە، ئێمە بۆ كۆكردنەوەی ئاوەكانی خۆمان لە 67٪ و نیوی بودجەی وەزارەتی كشتوكاڵمان دابین كردووە بۆ مەسەلەی ئاودێری و كۆكردنەوەی ئاو، دوو: مولاحەزەم لەسەر ئەوەی هەیە، راستە ئاو سامانێكی سروشتیە، ئەگەر سروشتیە و لە ناخی زەوییە، بڵێین مەعادینەكان و وزەی نەوت و گاز و غازی ترە، بەلام ئێمە دیارە سەرچاوەی ئاوی سەرەكیمان بارانە، بۆ كۆكردنەوەی باران، راستە سەرچاوەی سروشتیە، بەڵام مەوسمیە، یەعنی بە پێی مەوسیمە، ساڵی وا هەیە نابارێ، لەبەر ئەوەی خستنە سەری سەرچاوە سروشتیەكان عیلمی نیە، زانستی نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕێزدار سۆزان شەهاب فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شەهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ مانەوەی ئەوەین كە وەزارەتی زراعە و سەرچاوە ئاوییەكان بێ كە لەسەر تەسمیەی ئەو وەزارەتانەی كە بە پێی ئەو كارە تەنفیزیانە ڕێكخراوە، ئەو وەزارەتەی كە بە كشتوكاڵەوە پەیوەستە لە

هەمان كاتـدا ئـاو كـە سەرچـاوەيەكە، بـۆ بـەڕێوەبردنی ئـاو كـە دەبـێ ئـەو وەزارەتـەش تـەنفيز كردنـی كۆكردنـەوەی سەرچـاوەكانی ئـاو و ڕێكخستنی ئـاو و دروسـت كردنـی بەنـداوەكان ئەچـێتەوە ئيختيصاصـی ئەوانن لەبەر ئەوە ئێمـە پشـتگيری لـەوە دەكـەين كـە لەگـەڵ ئـەو هينـە بمێنێتـەوە، لەگـەڵ ئـەو وەزارەتـە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بـەڕێزان ئێسـتا گوێتـان لـێ بـوو پێشـنيارەكە بـۆ ئـەوەی كـە ئـاو بچـێتە سـەر سـامانە سروشـتيەكان، ئـەو موقتەرەحە ئەخەينە دەنگدانەوە، وازيح دەبێ، ئاو بچێتە سەر سامانە سروشـتيەكان، ئـەو موقتەرەحـە لـە پێشەوە ئەخەينە دەنگدان، كێ لەگەڵيتی تكايە دەست بـەرز بكاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، كـێ لەگەڵـدا نيـە؟ زۆر سوپاس، ماددەكە بە گشتی وەكو خۆی ئەخەينە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵيتی تكايە دەست بـەرز بكاتـەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نيە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرينەی دەنگ پەسند كرا، بۆ ماددەی دواتر تكايە.

**بەڕێز كاردۆ محمد پيرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم:

پرۆژەی ياسای هەڵوەشاندنەوە و لێكدانی وەزارەت لە هەرێمدا:

وەزارەتی ڕۆشنبيری و وەرزش و لاوان لە يەك وەزارەت لێك دەدرێن بە ناوی وەزارەتی ڕۆشنبيری و لاوان.

المادة الرابعة:

تدمج وزارة الثقافة و وزارة الرياضة و الشباب في وزارة واحدة باسم وزارة الثقافة و الشباب.

**بەڕێز شێروان ناصح حەيدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەكو زۆرينەی ئەندامانی لێژنەی ياسايی، لەگەڵ دەقی ماددەكەين كە وەكو خۆی بمێنێتەوە، بەڵام لـە هەمان كاتدا ڕەئی جياواز هەيە كە دەڵێ وەزارەتی ڕۆشنبيری و لاوان بگۆڕدريت بـە وەزارەتـی ڕۆشـنبيری و وەرزش و لاوان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەو بەڕێزانەی كە ئەيانەوێ قسە بكەن با كەرەم بكەن كێ ئەيەوێ قسە بكات؟ ئێستا ڕێزدار ڤيـان خان كەرەم بكە.

**بەڕێز ڤيان عبدالرحيم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نيسبەت دەمجی وەزارەتی ڕۆشنبيری و لاوان، من بە پێويستی ئـەزانم وەرزشـی بـۆ ئيزافـە بكـرێ، لەبـەر ئـەوەی وەرزش بـوارێكی زۆر كاريگـەر و پەرەپێـدراوی هەيـە لـە زۆربـەی وڵاتـانی جيهانـدا، بـە سـامانێكی نەتـەوەيی هـەژمار دەكـرێ، بۆيـە يەكێكـە لـەو بوارانـەی كـە پێويسـتە لاوی پـێ پـەروەردە بكـرێ ئـەويش

**وەرزشە، بۆیە ناکرێ لە کوردستاندا ئێمە ئەو بوارە، کاریگەری ئەو بـوارە بـە بچووکی رایبگـرین، بۆیـە بـە پێویستی ئەزانم بکرێت بە وەزارەتی رۆشنبیری و وەرزش و لاوان، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**رێزدار رێباز فەتاح فەرموو.**

**بەڕێز رێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**منیش لەگەڵ ئەوەم کە وشەی وەرزش زیـاد بکـرێ بـۆ ئـەو وەزارەتـە، لەبـەر ئـەوەی ئێمـە پێویسـتە زیـاتر ئیهتیمام بە وەرزش بدەین نەك لەوەی کە بچووکی بکەینـەوە، لەوانەیـە هـەر لـەناو وەزارەتەکانیشـدا ونـی بکەین، ئەگەر تۆ ناوی نەینی لە وەزارەتەکە، وەرزش تەنها ئەوە نیە پێت وابێ کە تایبەتە بـە لاوان ئەگـەر لە ژێر بوونی ناوی لە وەزارەتەکە، تۆ وەرزشـی لـێ بکەیتـەوە، چونکە وەرزش تایبەتـە بـە هـەموو چـین و توێژەکانەوە، پێم وایە ئەوە تەفسیرێکی غەڵەتە ئەوە ئەگـەر پێیـان وابـێ بـوونی وشـەی لاوان ورزشـەکەش ئەگرێتەوە، گرنگی وەرزش ئەوەیە تەنانـەت ئەگـەر بێـت تـۆ زۆربـەی لاوان وەکو سەرچاوەیەکی بازرگـانی بەکاری ئەهێنن، ئێستا تۆ بێتو وشەکە لا ببەی، ئەوە بچووك کردنەوەی ورزشە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**رێزدار سۆزان شەهاب فەرموو.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من بە پێچەوانەی هەموو ئەو رایانەی کە ئەڵێ: ئەگەر باسی وەرزش نەکرێ یەعنی، وەرزش ئێستا لە دونیـادا قیتـاعی خـاص چوویتە ناویەوە، یەعنی ئێمە ناوی بهێنین و ناوی نەهێنین ئەوە قیتاعی خاص ئێستا تەبەنی وەرزشی کردووە، یانە ئـەکرێ و یانە ئەفرۆشرێ، یاریکەر ئـەکرێ و یاریکـەر ئەفرۆشـرێ، دووەم: ئێمـە باسـی ئیختیصـاص ئەکـەین، ئێمـە تێڕوانینـەکانمان ئەبێت دیاری بکەین کە ئایا ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە ئیختیصاص بگەرێنینەوە بـۆ ئەصحابی شـەئن، یـان دەسـتی تـێ بخـەین؟ لێژنەی ئۆلۆمپی ئیختیصاصی بەڕێوەبردنی وەرزشە، ئینشاءالله بەم زووانە لێژنەی ئولۆمپی خۆمان ئەبێ لە هەرێمدا، کەواتە ئیختیصاصەکە بـا بـۆ لێژنـەی ئۆلـۆمپی بـەجێ بهێڵێن، ئێمـە وەکو وەزارەت دەسـتی تێنەکـەین و دانیشـین تەحـەکومی تێـدا بکەین یان هینی تێ بکەین، سەبارەت بەوەی کە وەرزش تەنها بۆ لاوان نیە، منیش ئەڵێم نەخێر بـۆ لاوان نیـە، بـەڵام بیرتـان نەچێ بەشی یەکەمی ئەو وەزارەتە وەزارەتی رۆشنبیریە، یەعنی بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری وەرزشی کە ئیتر لەمەودوا وای لـێ دێ کەببێتە ئەرکێکی زۆر گرنگ لەو وەزارەتە کە ئەبێ ئەو جۆرە وشیاریە بڵاوبکرێتەوە کە تـەنها وەرزش بـۆ لاوان نـەبێت، بەڵکو بۆ گەورەو بچووك و بە تەمەنی ئەو وڵاتەش بێت، زۆر زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**رێزدار شێردڵ فەرموو.**

**بەڕێز شێردڵ تحسين محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان لەجێگای خۆیەتی بێت، تەبعەن ئێمە دەزگایایەکمان هەیە لە کوردستان، ئێمە با تێکەڵی نەکەین لە مابەینی وەزارەت و لیژنەی ئۆڵۆمپی، بوونی دوو دەزگا لەهەر جێگایەك تەداخولی ئیشی وەرزش دەکات، نموونەیەکتان بۆ دێنم کە ئێستا لە عیراق، یەکێتی تۆپی پێی عیراقی ئەوە ساڵێك و نیوە دەیەوێت ئینتخابات بکات، وەزارەتی وەرزش و لاوان بە هەموو حکومەتەوە دەیانەوێ ئینتخاباتەکە بکەن، یەکێتی تۆپی پێی عالەمی (فیفا) ناهێڵی ئینتخاباتەکە بکرێت، چەندی لە فیفای دەپاڕێنەوە بەس ئینتخاباتەکە بکرێت مەجال نادات، وەرزش بەخۆی دەزگایەکی شوبهی رەسمیە، رەسمی نیە سەر بە وەزارەت بێت یان سەر بە دەزگای حکومی بێت، بۆیە وەرزش دەبێت دەزگایەکی هەبێت کە شوبهی رەسمی بێت، نەك رەسمی بێت، چونکە فەنیاتی وەرزش لە دەزگا غیر رەسمیەکانە  و لە لیژنەی ئۆڵۆمپیە، لە یەکێتیەکانە، لە لیژنەی ئۆلۆمپی عالمیە و سەر بەحکومەتەکان نیە لەهیچ ئەترافەکانی خۆمان ئەگەر سەیر بکەین، یان لە دونیا سەیری بکەن، بوونی یەك دەزگای وەرزشی بۆ بەڕێوەبردنی وەرزش لە کوردستان و لە عیراق و لە هەموو جیهان پێش دەیەخی، بوونی دوو دەزگا کێشەمان بۆ دروست دەکات، بۆ هەموو جارێك کێشە دروست دەکات، لە دەوڵەتانی جیهانیش هەر یەك دەزگا هەیە بۆ وەرزش، بۆیە ئەگەر بمانەوێ وەرزشی بۆ زیاد بکەین، مدیریەی عامەت هەبێت لەناو وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان ئەویش ئیشی کاری وەرزش دەکات لەوێ بۆ مەڵبەندەکان، کە مەڵبەند هەیە و تابعی مەڵبەندن، سەرپەرشتی ئەو مەڵبەندە دەکات، ئەویش عمری لە 18 ساڵ تێ نەپەڕێ، بۆیە کە 18 ساڵ بوو، بۆیە یاریزان کە 18 ساڵ بوو دەچێتەوە سەر یانەکان، پێم باشە بمێنێتەوە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

مەڵبەند مەبەستت چیە، ڕوونی بکەوە مەبەستی حیزبی نەبێت!؟ باشە، کاك سەرهەنگ فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی ئەو ڕایە دەکەم کە بکرێتە وەزارەتی وەرزش و لاوان، لەڕاستی دا ئێمە دەبێت ئەوە بزانین کە توێژێکی زۆر و بەرفراوانی هەموو دونیا سەرقاڵی وەرزشن و وەرزشیش ئەهمیەتی خۆی هەیە، ئەو دەزگایەی کە باسی لێوە دەکرێت کە سەرپەرشتی وەرزش دەکات و لەحکومەت دوور بکەوێتەوە تا ئێستا نایبینین، بۆیە لەئێستادا بە زۆری دەزانین بە قەناعەتی من لەناو ئەو وەزارەتە بوونی هەبێت و سەرپەرشتیەکی ڕاستەوخۆ بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رفیق فەرموو.

**بەڕێز رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستیەکەی دیارە لەبەر بێ جێیە لاوان خراوەتە پاڵ ڕۆشنبیری، یان هەر چاو ڵێ کەریەکە لە حکومەتی عیراقی و حکومەتی پێشووی عیراقی کە وەزارەتی سەقافە و شەباب هەبوو، ئەگەر ڕاستیتان دەوێت رۆشنبیری لە تۆریزمەوە و لە سیاحەوەو لە گەشتیاریەوە نزیك ترە تالە لاوانەوە، لەبەرئەوە مـن پێشنیار دەکـەم وەزارەتـی رۆشنبیری و گەشتیاری بێت، نەك وشەی گەشتیاری و سیاحە، با گەشتیاری بێت نەك گەشتوگوزار، دووەم: لاوان بخرێتە گەڵ پەروەردە، لەبەرئەوە ڕەنگە لە چوارچێوەی پەروەردەدا مەسەلەی لاوان یان وەزارەتێکی تر بێت بەناوی وەزرش ولاوانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار فەرمووو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا ئێمە لە گفتوگۆیەك داین کە پەیوەندی بە تەقلیس کردنی وەزارەتەکانەوە هەیە، ئەگینا ئەگەر بێیتە سەر مەبەستی ئەسڵی لەم ماددەیەدا ئەوەی پەیوەندی بە رۆشنبیری و لاوانەوە هەیە دوو کایەی زۆر زۆر جیاوازن، بەڵام ئەو دۆخەی کە ئێستا دەیخوازێ ئێمە بەو جۆرە داکۆکی لەسەر ئەوە بکەین کە بەیەکەوە بن ئەگینا من کتومت لەگەڵ بۆچوونەکەی بەڕێز د.رفیق دام و پێشم وایە ئەمە باکگراوندێکی دوور تری هەیە و شتێکی گونجاو نیە، ئەوەی پەیوەندی بە ناوهێنان و ئیزافە کردنی وەرزشەوە هەیە لەڕاستی دا ئەمە تەحمیل کردنی بارێکە بەسەر ئەو وەزارەتەی کە شەئنی ئەو نیە، ئیمە هەوڵ بدەین لەم تەقلیسەدا بتوانین ئەو شەئنانە بخەینە سەر ئەوەی کە ئەو کابینە وزاریانە، ئەو ڕێوشوێنانەی کە پەیوەندی بەکاروباری خۆیانەوە پێی هەڵبستن، ئەگینا حزوری لیژنەی ئۆڵۆمپی لە کوردستان داو پەیدابوونی چەند کەرتێکی تایبەت بۆ ئیهتمام دان بە کایە وەرزشیەکان و یاریگاکان و ئەوەی پەیوەندی بە وەرزشەوە هەیە، من لەگەڵ ئەوە دام وەزارەتەکە بۆ ئەم قۆناغە وەکو خۆی بمێنێتەوە، وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.ثائر فەرمووو.

**بەڕێز د.ثائر عبدالاحد اوغسطين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە سۆزان خان و کاك شێردڵی دەکەم کە وەزارەتەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، لەبەرئەوەی ئێمە کە باسی لاوان دەکەین، وەرزش بەعام قسەی لەسەر دەکەین، بەڵام وەرزش لەکنمان ئێستا بووە بە دوو بەش، دوو موئەسەسەی وەکو ئەوەی کە کاك شێردڵ باسی کرد، کە بووەتە وەزارەتی وەرزش و لاوان و لیژنەی ئۆڵۆمپی، وەکو ئەو وەزارەتەی کە ئێستا ئیستحداس کراوە رۆشنبیری و لاوان دەتوانم بڵێم جێگای ئەوە وەزارەتە دەگرێت لەبەرئەوەیە دەتوانن ئیشەکانی پڕبکاتەوە و لیژنەی ئۆڵۆمپی بە هەمان شێوە وەرزشی خۆی بکات، بۆیە پێشنیار دەکەم وەکو خۆی بمێنێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار رشيد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**دیارە مەهام و كاری ئەو وەزارەتە دیارە، كە چالاكی وەرزشی و ڕۆشنبیریە، پێویست ناكات هیچی بۆ زیاد بكەی یان قەرەباڵغی بكەی بە جوملەیەكی ئەوسەر تا ئەوسەر، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام ئەو وەزارەتە وەكو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

عظیمة خان فەرموو.

**بەڕێز عظيمة نجم الدين حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڕای من وەزارەتی ڕۆشنبیری وەرزش و لاوان بە پێویست تری دەزانم، لەبەرئەوەی پێشتریش وەزارەتێك هەبوو بەناوی وەزارەتی وەرزشەوە، ئەم لایەنەش بەشێكە لە ڕۆشنبیری و بەشێكە لە كاری گەنجان بەتایبەتی وەرزش كە هی هەمووانە بە تایبەتی بۆ گەنجان، من بە پێویستی دەزانم لەم فۆناغەدا وەرزش بمێنێت و ببێتە وەزارەتی وەرزش و لاوان، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شاهۆ فەرموو.

**بەڕێز شاهۆ سعيد فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من پشتگیری ئەو پێشنیارە دەكەم كە وەرزش زیادبكرێت نەك لابربدرێت، لەبەرئەوەی تەعاروزێك دروست بێت لە نێوان كاری لیژنەی ئۆلۆمپی و كاری وەزارەتی ڕۆشنبیری ئەگەر بۆی ئیزافە بكرێت، لەبەرئەوەی هەست دەكەم دوو ئیختساسی جیاوازن، لیژنەی ئۆلۆمپی لیژنەیەكە زیاتر لە كەرتی تایبەتەوە نزیكە كە من خۆم زۆر پشتگیری دەكەم و لەگەڵ ئەو ڕایەم كە ئەو پێشنیارەیان كرد، بەڵام وەرزش بەشێكی دەچێتە پلانی حكومەتەوە، واتە حكومەتە كە ژێرخانی وەرزشی دروست بكات لە هەموو شاروشارۆچكەكانی كوردستاندا لەو بڕوایەم كە دەبێت بچێتە كارنامە و پلانی حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە كە شاری وەرزشی و گوندی وەرزشی و شارۆچكەی وەرزشی لە هەموو شوێنێك دروست بكرێن، نەك ئەركی لیژنەی ئۆلۆمپی بێت، كەواتە هەردووكیان گرنگن، بەڵام دوو ئیختساسی جیاوازیان هەیە، سەبارەت بە كێشەی لاوان، تەبعەن كێشەی لاوان بەشێكی جەستەییە بەشێكی كۆمەڵایەتیە، هەرچی كێشە كۆمەڵاتیەكانی لاوانە دەچێتە ئیختساسی وەزارەتی كاروباری كۆمەڵایەتیەوە، هەرچی ئەوەشە كە جەستەیین، پەیوەندیان بە وەرزشەوە زیاتر هەیە نەك لاوان، چونكە لاوان تەمەنێكە، بەڵام وەرزش چالاكیەكی فیزیكیە، كە لەو بڕوایەدام هەموو تەمەنەكان پێویستیان پێیەتی، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عبدالكريم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەمان ڕای کاك د.شاهۆ و عظیمە خانم هەیە، زیادکردنی وشەی وەرزش بۆ ئەو بڕگەیە وەزارەتی ڕۆشنبیری و وەرزش و لاوان، تەبعەن گرنگیەکی تایبەت دەداتە حەزەکان و ویستەکانی لاوان کە لەسەرووی هەموویانەوە وەرزش بایەخێکی تایبەتی پێدراوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هاوڕاز خان فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە کاتی پێکهێنانی لیژنەکان تەئکیدی زۆرمان لە مەسەلەی وەرزش کردەوە، ئەوەش حەقیقەتە بەڕاستی، من وادەزانم بۆ فەعال کردنی وەرزش و ئیهتمامێکی زیاتر من لەگەڵ ئەوەدام فعلەن ئەمە ببێتە وەزارەتی ڕۆشنبیری و وەرزش و لاوان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە قسەکانی سۆزان خان و کاك شێردڵ دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان کریم کابان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئیزافە کردنی وەرزش بۆ ئەو وەزارەتە ئەرکێکی قورس دەخاتە سەر ئەستۆی ئەو وەزارەتە، لەکاتێك دا کە بۆ خۆی لیژنەی ئۆڵۆمپی هەیە و یەکێتیە وەرزشیەکان هەیە، پێویستە حکومەت ئەو مافە بداتەوە بە لیژنەی ئۆڵۆمپی و هەورەها بە یەکێتیە وەرزشیەکان کە عەرەبیەکەی (اتحادات ریاضیة)یە بۆ ئەوان ئەو ئەرکە بگرنە ئەستۆی خۆیان و ئەوەی کە لە ئەستۆی ئەوانە ئەوان بەڕاستی جێ بەجێ ی بکەن و نەبێت بەکارێکی وزاری و ڕۆتینی، دووەم: من پێم وایە ئەگەر جیابکرێتەوە لە وەزارەت باشترە بۆ ئەوەی کەرتی تایبەت لەمەودوا لە کوردستاندا برەو بسێنێ، چونکە ئێستا سەرەتایەکەیەتی، ئەوە دەفعێکی باش دەدات بە کەرتی تایبەت، دیارە ئەمە، حکومەت لەوە ئیعفا ناکات کە بونیەی تەحتی لە کوردستاندا باشتر بکات و برەوی زیاتری پێ بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.ئەرسەلان فەرموو.

**بەڕێز ئەرسەلان باییز اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من پێم وایە هەمووومان کارێکی وا بکەین وەرزش لە چوارچیوەی حیزب و دەسەلات بێنینە دەرەوە، لەقالبی نەدەین باشە، ئێمە بەرەو ئەوە بڕۆین کە لاسایی دەولەتانی پێشکەوتووی دونیا بکەین لە بارەی وەرزشەوە، ئەوەی کە لە مەکتەبەکان دەخوێندرێت ئەوە دەرسێکە ئەگەر هەبێ یەکێك لە مەکتەبەکانی تر کە ئەوان هەریەکێك لە وەزارەتەکانی خۆیان هەیە، بەلام ئەگەر سەیری یانەکانی دونیا بکەین ڕەنگی هەمەجۆر، ڕەگەزی هەمەجۆر تێیدا یاری دەکەن و وەرزش بووە بە دیاردەیەکی ئازادی هەموو دنیا، دەبێت ئێمە کار بۆ ئەوە بکەین لە حکومەتی بهێنینە دەرەوە بۆ ئەوەی ئازاد بێت کە چۆن یاری دەکەن، بەلام ئەگەر بخرێتە قالب و چوارچێوەی حیزبایەتیەوە، دوایە ئەو گەشەیە ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا بۆچوونەکان وازحن پێشنیارێك هات، مەجموعەیەك لە ڕێزداران پشتیوانی ئەوەیان کرد کە وەرزش لەگەڵ ناوی وەزارەتەکە بمێنێت، ئێستا دوو کەس ئەوەی کە دیفاع دەکات بمێنێت، کاك شاهۆ فەرموو.

**بەڕێز شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دڵنیام ئەو بەڕێزانەی کە پێشنیار دەکەن گەشە بە لیژنەی ئۆڵۆمپی بدرێت زۆر بە پەرۆشەوەن بۆ کەرتی تایبەتی وەرزش کەببووژێتەوە و بۆ ئازادکردنی وەرزشە، من دڵنیام ئەوە پێشنیارێکی زۆر زۆر دڵسۆزانەیە، بەلام من پێشنیارێك دەکەم ئایا ئەرکی کێ یە ژێرخانی وەرزش لە کوردستاندا پەرەی پێ بدات، گوندی وەرزشی دروست بکات و شاری وەرزشی دروست بکات؟ ئایا ئەرکی حکومەتە یان ئەرکی لیژنەی ئۆڵۆمپیە؟، ئەگەر ئەرکی حکومەتە و لیژنەی ئۆڵۆمپی بەشێکە لە حکومەت لە حاڵەتێکی وا دا دەبێت سەرۆکی لیژنەی ئۆڵۆمپی وەزیر بێت، ئەگەر سەرۆکی لیژنەی ئۆڵۆمپی وەزیر نەبێت و کەسێکی موستەقل بێت و بە هەڵبژاردن هەڵبژێردرابێ، ئەی کەرتی گشتی چی دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی پەرە بدا بە کەرتی وەرزش؟ بۆ نموونە دروست کردن و ئیجبار کردن و ئیلزام کردنی وەزارەتی پلاندانان بۆ ئەوەی کە پلان دابڕێژێ بۆ پەرەدان بە ژێرخانی وەرزشی، ئیلزام کردنی وەزارەتی بەلەدیات بۆ ئەوەی کە بە دابەش کردن و لەپلان ماستەری شارەکاندا شوێن بەجێ بهێڵدرێ بۆ ئەوەی شاری وەرزشی و بۆ یاریگا و بۆ گوندی وەرزشی ئەمە ئەرکی کێ یە؟ ئایا ئەمە ئەرکی لیژنەی ئۆڵۆمپیە کە ئەو وەزارەتانە ئیلزام بکات یاخود ئەرکی حکومەت و کارنامەی حکومەتە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەگەر من لە پەرلەمانی کوردستان دا نەبوومایە و ئەو وەزارەتەی کە قسەی لەسەر دەکەین لە هەرێمی کوردستاندا نەبووایە 100٪ ڕام وەکو جێگری سەرۆکی پەرلەمان و سۆزان خان دەبوو، بەڵام ئێمە با ئەوەمان لەبیر بێت ئەگەر کەرتی وەرزش لە دەسەڵاتی حکومەت بێنینە دەرەوە بەو مانایەی کە سنووردار نەبێت و لەلایەن دەسەڵاتەوە دەست نەخرێتە ناو کاری وەرزشیەوە، ئێمە تەجروبەی وەرزش و لیژنەی ئۆلۆمپیمان لە هەرێمی کوردستان لەبەرچاوە کە لە بەینی کێشمە کێشمی حیزبایەتیە و حیزب دەستی خستۆتە بیناقاقایانەوە، بۆ ئەم مەرحەلەیە وەکو ئەو پێشنیارەی یان ئەو قسانەی کەلەسەر وەزارەتی خوێندنی باڵا کرا دەیهێنمەوە بیر جەنابتان بۆ ئەم مەرحەلەیەو هەتاوەکو ئەو کاتەی کە لیژنەیەکی ئۆلۆمپی دوور لە دەسەڵاتی حیزب دروست دەبێت بە زەروری دەزانم حکومەت سەرپەرشتی کەرتی وەرزشی بکات و وەرزش لەناو ئەو وەزارەتەدا بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت لەبیرمانە خۆ زۆر تاخیرنەبووین، کاک شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ تحسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی لیژنەی ئۆلۆمپی لە هەموو دونیا لیژنەیەکی سەربەخۆیەو چۆن هەڵدەبژێردرێ؟ لیژنەی ئۆلۆمپی کە هەڵدەبژێردرێ لە یانەکانەوە دەست پێ دەکات، بیدایەت یانەکان هەڵدەبژێردرێن، پاش ئەو یەکێتی شارەکان هەڵدەبژێردرێن، پاش ئەو یەکێتیە ناوەندیەکانی هەموو وڵاتێك هەڵدەبژێردرێن، پاش ئەو یەکێتی هەڵدەبژێردرێت بۆ یەکێتی خۆیان ئامادە دەکەن، سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی و ئەندامانی هەمووی موستەقلن هیچ عیلاقەیان بە حیزبایەتیەوە نیە، هەرکەسە و لە شارێك دێ و خۆی هەڵدەبژێرێت، ئێستا لەلای ئێمە یانەکانی کوردستان برادەرانی شیوعی تێدایە و برادەرانی یەکگرتوو و برادەرانی بزووتنەوەی تێدایە، برادەرانی تورکمانی تێدایە، پارتی و هەمووی تێکەڵە، هەرکەسێك تەمویلی خۆی وەردەگرێ لە لیژنەی ئۆلۆمپی لە وەزارەت، وەزارەت ئیش وکاری ئەوە بوو کە ژێرخان دروست بکات، بەڵام وەزارەتەکەی ئێمە ژێرخانی دروست نەکرد، چوو فرۆکەخانەی دروست کرد، هەندێك پرۆژەی تری کرد کە عیلاقەی بە وەرزشەوە هەر نەبوو، بۆیە لیژنەی ئۆلۆمپی کە پرۆژە تەقدیم دەکات، تەقدیمی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی دەکات، کە ئەو دەتوانێ ئەو پرۆژانە بۆ وەزارەت و لیژنەی ئۆلۆمپی دروست بکات، لە هەموو دنیادا حکومەت تێکەڵی لیژنەی ئۆلۆمپی نابێت، نیهائیەن تێکەڵی نابێت، لیژنەی ئۆلۆمپی عیراقی تەقریبەن ساڵێك و نیوە کێشەیان لەگەڵ حکومەت هەیە، کە بە هەموو قوەتی خۆیەوە بە علی دەباغەوە و بە مالکیەوە بە هەموویانەوە دەیانەوێ ئینتخاباتەکی یەکێتی تۆپی پێ بکەن، چونکە ئیتیحادی ئەورووپی (فیفا) مەجال نادات، تەمویلی ئەو لیژنە ئۆلۆمپیە کە تەمویلی بۆ دادەندرێ و پرۆژە تەقدیم دەکات، وەکو دەزگاکانی تر و وەکو جێگایەك چۆن گوند ئاوەدان دەکرێت، ئەوها تەمویلی بۆ دادەندرێ و ئیشی پێ دەکات، ئەگەر بکرێت رەئیسی لیژنەی ئۆلۆمپی بە دەرەجەی وەزیر بێت لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران دابنیشێ، تا ئاسانکاری بۆ دائیرەکان بکرێت و ئیش بڕوات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک عمر نورەدینی فەرموو.

**بەڕێز عمر حمە امین خدر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**قسە کردن لەسەر ئەوەی کە وەرزش بێتە ناو وەزارەتی وەرزش و لاوان یان نەیەت، کە لێرەدا وەکو لە پرۆژەکە هاتووەو من بەرگری لێ دەکەم وەکو خۆی بمێنێ واتە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، ئەمە بەم مانایە نیە کە وەرزش دەکەوێتە دەرەوەی بایەخ پێدانی حکومەت و ژێرخانی وەرزشی لەلایەن حکومەتەوە فەرامۆش دەکرێت، دەبێت ئەو دوو شتە لێك جیابکەینەوە، واتە بایەخ پێدانی وەرزش تەنها بەوە نابێت کە مەسەلەی وەرزش بخرێتە پاڵ وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، دەبێت ئەمە لێك جیابکەینەوە تا ئەگەر وەرزش لە دەرەوەی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانیش بێت بایەخی خۆی لەلایەن حکومەتەوە هەر دەمێنێ و لەڕێگای موئەسەسەیەکی تایبەتیەوە سەرپەرشتی کاروباری وەرزشی و چالاکی وەرزشی و ژێرخانی وەرزشی لە هەرێمی کوردستان دا دەکرێت، هەڵبەتە لەوانەیە ئەگەر ئێمە وەرزش بخەینەوە پاڵ وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان لەوانەیە بەڕێوبەراتیەکی تایبەتی بۆ دابمەزرێ، بۆیە بە رەئی من ئەگەر بەڕێوبەراتیەك بێت لە چوارچێوەی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان بایەخەکەی کەم دەبێتەوە، نەك بایەخی زیاتری پێ بدرێت، بەڵکو** لە چوارچێوەی موئەسەسە و هەیئەتێکی تایبەتی لەلایەن سەرۆکایەتی حکومەتەوە سەرپەرشتی دەکرێت و پشتیوانی لێ دەکرێت دەتوانێ باشتر خزمەتی بواری وەرزشی بکات، خاڵێکی تر ئەوەیە کە بوونی هەیئەتێك کە لەلایەن سەرۆکی حکومەتەوە سەرپەرشتی دەکرێت بۆ بایەخ دان بەکاروباری وەرزشی لە پرسێکی تر دەربازمان دەکات، یان لەگرفتێکی تر دەربازمان دەکات کە لە رابردوو دا کەند و کۆسپ بووە لەبەردەم بواری وەرزشی ئەویش بوونی فرە موئەسەساتی بووە، سەبارەت بە تەعامول کردن لەگەڵ وەرزش لە هەرێمی کوردستان، ئەوە لە ئاییندەدا لە چوارچێوەی هەیئەتێك ڕێك دەخرێ و باشتر ئاراستە دەکرێت، هەروەها لە چوارچێوەی سیاسەتی تازەی بایەخدان بە وەرزش لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ئەوەیە کە هەردوو کەرت، کەرتی تایبەت و کەرتی حکومەت بەیەکەوە بوونە پشتیوانی یەکتر و بۆ ئەوەی ڕەوڕەوەی وەرزش لە هەموو بوارەکان لە هەرێمی کوردستان دا بەرەو پێشەوە بچێت، بۆیە من بەرگری لەوە دەکەم کە وەکو خۆی بمێنێتەوە واتە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان وەکو خۆی بمێنێتەوە و مەسەلەی وەرزشیش لە چوارچێوەی ئەو هەیئەتە تایبەتیەدا کە لەداهاتوو دا بۆی تەشکیل دەکرێت بایەخی پێ بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێزیش ئێستا بۆچوونەکان وەزاح بوون، پێشنیارێك هەبوو کە وەرزش ئیزافە بکرێت و وەکو وەزارەتی رۆشنبیری و وەرزش و لاوان بێت، ئەم پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە وەرزش ئیزافە بکرێت تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ 22 کەس لەگەڵە، کێ لەگەڵە وەکو پرۆژەکەی کە هاتووە و لیژنەی یاسایی پشتگیریان لێی کردووە؟ زۆر سوپاس بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، بۆ ماددەیەکی تر تکایە، کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز د.زانا رؤوف حمەکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی پێنجەم:**

**وەزارەتی شارەوانی و وەزارەتی گەشت و گوزار لەیەك وەزارەت لێك دەدرێن بەناوی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار.**

المادة الخامسة:

تدمج وزارة البلديات و وزارة السياحة فى وزارة واحدة باسم وزارة البلديات والسياحة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان ڕای لیژنەی یاسایی فەرمووو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی بە کۆی دەنگ لەگەڵ ئەو ماددەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هاوڕاز فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم باشە وەزارەتی شارەوانی لێرە لاببردرێت و لەگەڵ وەزارەتی ئاوەدانی دەمج بکرێت، لەبەر زۆر پەیوەند بوونیان بەیەکەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەروەر فەرموو.

**بەڕێز سەروەر عبدالرحمن حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەشتێکەوە دەست پێ دەکەم کە بەڕاستی لەکێشەی تەرجەمە کە هەمانە ئەو بابەتانە کوردیەکەو عەرەبیەکەیان بەجۆرێکە کە گەلێك جار هەندێك لە فەقەرەکانی هەریەکەو مانایەك دەدات، بەرلەوەی بێمە سەر بابەتەکەم، ئەگەر ئیجازەم بدەن، کاتێك پێش ئێستا رووبەڕووی کاك شێروانیشیان کردەوە کە گوتی ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی مەسئول نین، بەلام کاتێك کە بڕیارێك دەربچێت هەڵەیەکی تێدا بێت، ئێمە هەمووومان لێی مەسئولین، هەندێك لەو بڕیارانە وەکو دەیبینین لەلایەن پەرلەمانەوە دەرچوون و بەڕێز سەرۆکی هەرێمیش موسادەقەی لەسەر کردووە هەندێك ناو پێشتر .......... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە وەرەوە سەر ئەسڵی ماددەکەو رجائەن دەرمەچۆ، ئێستا ئێمە لەسەر وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار قسە دەکەین، وەرە سەر ئەو مەوزوعە و رەئی خۆت بدە، کاك سەروەر فەرموو.

**بەڕێز سەروەر عبدالرحمن حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەمەوێت ئەوە بڵێم ناوەکەی کە هاتووە ئاساییە هەردووکی بەیەکەوە بێت، بەلام وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار پەیوەندی بەلایەنە زمانەوانیەکەیەوە هەیە، لەزمانی کوردیدا کەمتر گوزار بەکاردێت، ئەگەر

بگەڕێینەوە بۆ لایەنە رەسەنەکەی، بەڵکو پێشنیاری ئەوە دەکەم بکرێتە وەزارەتی شارەوانی و گەشتیاری، چونکە لە زۆربەی فەرهەنگەکاندا گەڕاومەتەوە سەری ئەوانەی زمانناسن هەمووی جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە گەشتیاری تەواو ترەو کە گوزار لەزمانی کوردیدا بەو جۆرە نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رفیق فەرموو.

**بەڕێز رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستیەکەی قسەکەی من بەشێکی کرا، ئێمە لە کوردیدا گەشتیاریەکە باشترە، چونکە اسمی فاعل زۆر سەختە لە کوردیدا دروستی بکەین، دەبینی کە گەشتوگوزارکەر، بۆ ئەوەی ئێمە لەو پاشگری(کەر)ە رزگارمان بێت دەیکەینە گەشتیاری، کەسێکیش کە تۆریستە و سائیحە دەبێتە گەشتیار، دووەم: من نازانم چۆن داوا بکەم ئێمە شیاو نیە زمانی کوردی پەرلەمان بەو شێوەیە بێت، تکا دەکەم ڕۆژێك جەلسەیەك دابندرێت بۆ ئەوەی ئێمە کۆنترۆڵمان بەسەر کوردیەکەی خۆمان دا هەبێت، زۆربەی شتەکان بە غەڵەت و پەڵەت تەرجەمە دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ ڕێزمانی کوردی خەریکین کە لیژنەیەکی پسپۆر دابنێین بۆ ئەوەی ئەو یاسایانە بۆمان دێ زۆر بەڕێکی چاکی بکەن و لەم نزیکانە دەست بەکاردەبێت، پێشنیارەکانی هەرسێکتان هیچ یەکیان لەوەی تر نەدەچوو لەبەرئەوە ئیسنادی نەبوو و ناخرێتە دەنگدانەوە، ئەسڵی ماددەکە کە لیژنەی یاسایی بە کۆی دەنگ قبوڵی کردووە، نوقتەی نیزامی هەیە کاك رفیق فەرموو.

**بەڕێز رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش گەشتیارم گوت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تۆ گەشتیارت گوت، ئەو گەشتیاری گوت، عەرەبیەکە دەکەینە ئەسڵ پاشان بەو ئیسلوبە چاکی دەکەین کە ڕێزمانەکان بۆمان دادەنێن، کێ لەگەڵ ئەسڵی پرۆژەکەیە تکایە دەستی بەرزبکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ 1 کەس دەگەڵ دانیە، بەزۆرینەی دەنگ قبوڵ کرا، بۆ ماددەیەکی تر، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی شەشەم:

وەزارەتی بازرگانی و وەزارەتی پیشەسازی لەیەك وەزارەت لێك دەدرێن بەناوی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی.

**المادە السادسە:**

**تدمج وزارە التجارە و وزارە الصناعە فى وزارە واحدە باسم وزارە التجارە والصناعە.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شێروان ڕای لیژنەی یاسایی فەرمو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەكو زۆرینەی ئەندامانی لیژنەی یاسایی لەگەڵ دەقی ماددەكەین و هیچ تێبینیمان نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شاهۆ فەرموو.

**بەڕێز شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دیسانەوە تێبینیم هەیە سەبارەت بەدابەشكردنی ئیختساسیان بۆ ئەم دوو وەزارەتە، ئەم وەزارەتە دوو ئیختساسی هەیە یەكیان بازرگانی و ئەوەی تریان پیشەسازیە، من پێم وایە بازرگانی زیاتر لە وەزارەتی دارایی و ئابووری نزیكە، چونكە لەم تەشكیلە وەزارەتێك دانـدراوە بەناوی وەزارەتی دارایی و ئابووری، پێشنیار دەكەم بازرگانی بچێتە پاڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری، پیشەسازیش بچێتە پاڵ وەزارەتەكانی وزە و كارەبا و سەرچاوە سروشتیەكان، لە حاڵەتێكی وا دا ئیختیساسەكان باشتر دابەش دەكەینەوە، تەرشیقی زیاتریش دەكەین لە وەزارەتەكان، وەزارەتەكان لە 19 دەبن بە 17، ئەگەر وەزارەتی بازرگانی بچێتە پاڵ دارایی و ئابووری، وەزارەتی پیشەسازی لەگەڵ وەزارەتی كارەباو سەرچاوە سروشتیەكان بن بە یەك وەزارەت، بەرەئی من لە رووی ئیختیساسەوە لە یەك نزیكترن، لە رووی ترشیقیشەوە، زیاتر بەرەو تەرشیق دەڕوات، لە حاڵەتێكی وادەكرێت حكومەتەكە زیاتر لەسەربنەمای چوستی دامەزرابێت، نەوەكو بنەمای قەبەیی و بیروكراسیەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار ناسك خان فەرموو.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵێ منیش هەر قسەم لەسەر ئیختیساسەكانە بەراستی، پێموایە كارەبا لەگەڵ پیشەسازیەوە نزیكە، بازرگانیش ئەگەر بچێتە پاڵ سامانە سروشتیەكان زیاتر ئەگەر بكرێت یەعنی، ئیتیفاقەكە وانەبێت لە 19 كەمتر نەكرێت، كەمتر بكرێت، ئەوە هەم كەمتر دەبێت ژمارەی وەزارەتەكان هەم پیشەسازی كارەبا زۆر لە یەكەوە نزیكن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار پەیام فەرموو.

**بەڕێز پەیام احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە قسەکانی کاك شاهۆ دەکەم، لەبەر ئەوەی ئێمە باسمان کرد کە وەزارەتەکان کەم بکرێتەوە، پێم باشە وەزارەتی دارایی و ئابوری بازرگانی لەگەڵ ئەوانا بێت، لەگەڵ ئەوە پییشەسازی و کارەبا وسامانە سروشتیەکان لەگەڵ یەکا بێت، چونکە ئەوان لەیەکەوە نزیکن و ئیختیساسەکانیان لەیەکەوە نزیکن، بۆیە ئەوە پێشنیاری منە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، عەزیمە خان فەرموو.

**بەڕێز عظيمة نجم الدين حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە رەئی من وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی، بۆ کەم کردنەوەی وەزارەتەکانیش وەزارەتی پیشەسازی و وزە، لەبەر ئەوەی لە کوردستان تەنها کارەبا وزە نیە، پێموایە لەداهاتوو وزەی غازیشمان هەیە، کە غاز دەبێت بە بەشێك لە وزە لە داهاتی کوردستان، زۆربەی پێکهێنەرەکانی وزە لە کوردستان بەقەد کارەبا گرنگی دەبێت، بۆیە پێموایە وەزارەتی پیشەسازی وزە، وەزارەتی بازرگانی بچێتە پاڵ وەزارەتی دارایی، کارەباش نەمێنێت، وەزارەتی پیشەسازی وزە، کارەباو غازو هەموو ئەو وزارنە بگرێتەوە کەلەکوردستان گرنگی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕێزدار هاژە خان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سليمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەو پێشنیارەم کە وەزارەتی پیشەسازی و وزە ببێت بەیەك وەزارەت، چونکە بەڕاستی ئەوکاتیش نابێت وەزارەتی کارەبا هەبێت، هەموو ئەو مەسدەرانەی کە کارەبای لێ دروست دەکرێت بە وزە حیساب دەکریت، بۆیە وەزارەتی پیشەسازی و وزە زۆر گرنگە، وەزارەتی بازرگانی بچێتە پاڵ وەزارەتی دارایی وئابووری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ڕێزدار سالم فەرموو.

**بەڕێز سالم تۆما کاکۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر مێژووی وەزارەتی پیشەسازی،پیشەسازی و وزە بوو، ئەو وەختە نە وزەمان ئەوەندەبوو چ کەرتی کارەباو چ کەرتی سووتەمەنی، دوایی لەبەر ئەوە کەرتەکە فراوان بوو، نەفت مەوزوعی سەرچاوە سروشتیەکان بوو، نەوت و دەرهێنانی نەوت و ناردنە دەرەوەی، هەروەها کەرتی کارەبا فرەوان بوو کە کۆنترۆلی پێ لەسەر نەکرا، کرا بەسێ وەزارەت، نوقتەیەکی تر هەیە، ئێستا وەزارەتی دارایی و ئابووری، ئێمە کە وەزارەتی کارەبامان هەبێت، وەزارەتی سامانە سروشتیەکانمان هەبێت، پیشەسازیو کشتوکاڵ و گەشت و گوزار وبازرگانیمان هەبێت، ئابووری چیمان لە وەزارەتی دارایی هەبیت ئابووری چیمان لە وەزارەتی دارایەوەیە، من پێم باشە وەزارەتی پیشەسازی و ئابووری بێت، ئابوریەکە لە وەزارەتی داراییەوە لێك بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار کاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من لەهەر شوێنێك پیشەسازی وبازرگانی بەیەکەوە دێت حەساسیەتم هەیە پێی، لە ڕاستیدا پیشەسازی لە ولأتی ئێمە بازرگانی کوشتوویەتی، دیارە لە هەموو ولأتێکدا وانیە، بەلأم ئێمە لە قۆناغێکداین، بازرگانی لای ئێمە هەر ئیستیراد کردنە، سادیراتمان نیە، بازرگانی بۆتە سەبەبێك بەڕاستی بۆ کوشتنی کەرتی پیشەسازی، لەبەر ئەوە من پێم باشە بازرگانی بچێتە لای دارایی و ئابووری، پیشەسازی خۆی بەڕاستی کەلە لیژنەکانی کە دروستمان کردووە، پیشەسازی لەگەڵ سەرچاوە سروشتیەکان دەمج کراوە، من پێم وایە ئاوا بکرێت، یەعنی پیشەسازی وسامانە سروشتیەکان بەیەکەوە بێت، بازرگانی بخرێتە لای دارایی و ئابووری، من لەکاتی خۆشی بەڕاستی پێشنیاری ئەوەم کرد، کە بازرگانی بخرێتە لای دارایی وئابووری، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ڕەئیەکەی منی بەهەند وەرنەگرت، نەوەك لەبەر ئەوە پێی وابووکە بازرگانی خۆی لە خۆیدا جزئێکە لە دارایی و ئابووری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نا وانیە، ڕەئی خۆتان خرایە تەسویت، دیفاع کرا، دیفاع لەوەکەی تر کرا، زۆر بە جەوێکی دیموقراتی دەڕوات بەڕێوە، من دەنگیشم نەدا، هەر بۆ مەعلوماتت لەسەر ئەو نوقتەیە، ڕێزدرا بورهان، فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی دەمج کردنی وەزارەتی سناعەو تجارە، من بڕوام وایە یەکێك هەیە ناوی وەزارەتی دارایی و ئابووریە، ئابووری بەموستەلەحی علمی، ئەگەر سەیری علمیەکەی بکەین، دارایش دەگرێتەوە، تەرشیقی مالیش دەگرێتەوە، تجارەتیش دەگرێتەوە، بەرەئی من هەقە وەزارەتی تجارە بخرێتە پاڵ دارایی و ئابووری، بکرێتە وەزارەتی دارایی و ئابووری و بازرگانی، لەلایەکی ترەوە عەمەلی نیە وەزارەتی تجارەو وەزارەتی سناعە بەیەکەوە بێت، من تێکەلأویم لەگەڵ جەماعەتی سناعە و تجاری هەیە لە ژووری سناعە و تجارە قسەم لەگەڵ کردوون، لەبەر ئەوەی ئەگەر تجارە لەگەڵ وەزارەتی وەزارەتی دارایی و

ئابوری هەبێت، خۆیان مەشاکلی گومرگ و زەریبەیان هەیە، ئەگەر لە خودی وەزارەتی دارایی بێت، ئەو مشکیلانە ئەگەر لە سناعە بێت دەگەڕێتەوە وەزارەتی دارایی، بەڵام ئەگەر لە خودی وەزارەتی دارایی بێت لە تەرکیبەی ئەودابێت، کێشەکان بۆ ئەو خەڵکە سەهل تر ئەبێت، ئێمەش دەمانەوێت کێشەی خەلك سەهل بکەین، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابت دەتەوێت پیشەسازی بە تەنها بێت چۆن بوو، وازح نەبوو.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزمن دەمەوێت تجارە بخرێتە پاڵ خاڵی چوارەمی تعدیلی قانونی ژمارە(3) بکرێت بە وەزارەتی دارایی و ئابووری و بازرگانی، پیشەسازی هەر وەك خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ڕێزدار ئارام، فەرموو.

**بەڕێز ئارام شاهین داود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەحەقیقەت من چەند بۆچوونێکم هەیە، لەهەندێکیانە لەگەڵ هاوڕێکانم یەکین، ئێمە هەندێك تێکەلأوی هەیە لە دانانی ناوی وەزارەتەکان، لە ڕاستیدا پیشەسازی و بازرگانی و دارایی هەرسێکی بابەتێکی ئابووریە، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تر هەریەك نەشاتی جیان، تەعاروز دەکەن، قانونی جیای هەیە، چالأکی تایبەتی خۆی هەیە، چوار چێوەی تایبەت خۆی هەیە، لەبەر ئەوە گونجاندنی بازرگانی لەگەڵ پیشەسازی لەیەك وەزارەتدا، بە هەقیقەت خیبرەی دەوێت، تەداخولاتی دەوێت لەهەموو لایەك،شارەزایی دەوێت و لە هەموو بوارەکان، بەرەئی من ئەگەر بکرێت، ژمارەی وەزارەتەکان وەکوخۆی بمێنێتەوە، پیشەسازی لەگەڵ وزە لەگەڵ کارەبا بەم شێوەیە داینێین وەکو یەك وەزارەت، بازرگانیش ئەگەر بکرێت وەکو خۆی بمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی ئێستا حالیەن بەنیسبەت ئابووری کوردستانەوە بە شێوەیەکی سەرەکی پشتی بەستوە بە بازرگانی لە قۆناغی ئێستادا، بەڵام ئەگەر لەگەڵ پیشەسازی دابێت کارەکان تێکەلأو دەبێت، زۆر سوپاس، ئەگەر ڕێم پێ بدەی جەنابی سەرۆك، لە هەمووارکردنی ناوی وەزارەتەکان، بڕگەی 16 وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی بەو شێوەیەی کە دامان ناوە، تەعبیر لەمە دەکات کە باسمان کرد، ئەگەر ژمارەی وەزارەتەکان وەکو خۆی دەمێنێتەوە، بازرگانی بەجیا بێت، پیشەسازی بچێتە ناو کارەبا، ئەتوانین ناوەکەشی بگۆڕین لە کارەباوە بۆ وزە، گرنگ ئەوەیە ژمارەی وەزارەتەکان وەکو خۆی دەمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا ئێمە بە ئیشکالیەتی ناو لێنانی لیژنەکانی پەرلەمان، لێرەشدا دووبارە نەبێتەوە، نزیکایەتی و تایبەتی و پیشەیی، ئەم ناوانەی کە بۆ وەزارەتەکان هاتووە، دورایەتی و نزیکایەتیان مەسەلەیەکی نسبیە لە هەقیقەتدا، ئەکرێت ئەم وەزارەتانەی کە بەیاسایەوە کارەکانیان ڕێك دەخەن، لەناو یاساکانیانە تایبەتمەندی جیابکرێتەوە، من لە ڕاستیدا مولاحەزەیەکم هەیە لەسەر ئەو دوو مەشروعە قانونەی کە تەقدیم کراوە، تایبەت ئەوەی پەیوەندی بە وەزارەتی سناعە و تجارەوە هەیە، لێرەدا مەسەلەی دەمجەکەیە، وەزارەت سناعەو تجارە هاتووە بەیەکەوە، ئەگەر ئێمە تەسویتی ئەمەیان بکەین، ئەمەی تریان ئیلغا دەبێتەوە، لە مەشروعی تەعدیلەکە ، وەزارەتی سناعە و تجارە هاتووە ئەمە لە رووی لوغەویەوە، هیوادارم بەڕێزانی لیژنە تەقدیم و تەئخیرەکەی وردەکاری تیا بکەن، ئەمە دیارە تەنیا لە مەسەلە کوردیەکەدا نیە، لە عەرەبیەکەشدا هەیە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی رەئیتان تکایە، بەرامبەر ئەو مداخەلانەی کە کران، فەرموو نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز نەسرین جمال مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داوای لێبوردن دەکەم ئەگەر ڕەخنەیەکی بچووك بگرم، بەدڵێکی فراوانەوە وەری بگرن، دیارە من یەکەم کەس بووم کە قسە لەسەر ئەو مەسەلەیە بکەم، بەڵام ناوت نەخوێندمەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر زۆر لە جێگەی خۆیەتی، داوای لێبوردنت لێ دەکەین، هەقی خۆتە، ناوت نوسراوەو نەمان بینیوە، کەرەم کە ئێستا فەرموو.

**بەڕێز نەسرین جمال مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی منیان کرد، من تەئیدی بیرو بۆ چونەکانی کاك شاهۆ دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ناوت رەقەم 1 بوو، بەس لەسەر سەرەوە نوسرابوو داوای لێبوردنت لێ دەکەین، لیژنەی یاسایی کەرەم بکەن.

**بەڕێز ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە لیژنەی یاسایی بە زۆرینەی دەنگ لەگەڵ ئەوە بووین کە پشتگیری ئەو پرۆژەمان کرد، کە هەروەکو پێشکەش کراوە، بەڵام هەر لەبەر ئەوەی رەئی جیاواز هەیە، پێشنیار دەکەین، پێشنیارەکانی کە بدرێتە دەنگ دان، تەنها ئەوەی کاك سالار پێشکەشی کرد، ووشەکان پاشەو پێش کرا ئەوە چاك بکرێتەوە، پێشنیارەکانی تریش بدرێتە دەنگ دان و یەکلا دەکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەو مداخەلانەی کە کرا، سێ پێشنیار رەچاو کران، ئەگەر شتێکی تر مابوو پێمان بڵێن، یەك پێشنیار کرا بۆ ئەوەی بکرێت دارایی و بازرگانی و ئابووری لێك بدرێت، پێشنیاری تر پیشەسازی وکارەبا پێکەوە بێت، پێشنیاری سێیەم پیشەسازی و سامانە سروشتیەکان بەیەکەوە بێت، ئەگەر پێشنیارێکی تر هەبوو، کاك شاهۆ کەرەم بکە.

**بەڕێز شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیازێکی تریش هەیە کە هەرسێ ئیختیساسەکە، وەزارەتی پیشەسازی و وزەو سەرچاوە سروشتیەکان، واتە کارەباش بچێتە پاڵ ئەم وەزارەتە، واتە سێ وەزارەت یەك بگرێت، پیشەسازی کارەبا سامانە سروشتیەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیاری ئەخیر پیشەسازی و کارەباو سامانە سروشتیەکان، بەڵێ ئەوە چوار پێشنیار هەیە، ئەو ئەسڵی ماددەکە وەکو خۆیەتی کە پێشنیار کراوە، کەرەم کە نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری یەکەم، پێشنیاری دووەم و سێ یەم رەت ناکاتەوە، لەبەر ئەوەی ئەوە دەچێتە پاڵ ئیختیساسی وەزارەتی داراییەوە، هەتا ئەگەر پێشنیاری یەکەمیش زۆرینەی بەدەست هێنا، مانای ئەوە نیە پێشنیارەکانی تر رەت بکرێنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لێرە خاڵێك هەیە، دەبێت بۆ هەمووتان روون بێت، بەڕێزێك بۆ موفتەرەحێك دەنگی دا، نابێت بۆ موفتەرەحەکەی تر دەنگ بدات، چونکە ئەوجا تێکەڵ دەبێت، ژمارەی ئەندامان زیاتر دەبێت لەم ژمارەیە، نوقتەی نیزامیە؟ فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جارێ لە پێشدا ئەوە بخرێتە دەنگەوە کە ئایا ناوەکەی وەکو خۆی بمێنێتەوە یان بگۆڕێت، ئینجا لە دوایدا موفتەرەحە بەدیلەکان، ئەگەر ئەوە بگۆڕێت دەنگی هێنا، ئەوسا موفتەرەحەکان بخرێتە دەنگدانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

به رەئی من ئەگەر جەنابتان ئەسڵی مەشروعەکە یەکەم جار بخەنە دەنگدانەوە، ئەوە هەندێك لە ئیجحافی تیایە بەرامبەر بەرای کەمینەو بەرای ئۆپۆزسیۆن، چونکە من پێموایە یەعنی گومانم هەیە ئەگەر سپێتی ماستیش بخەینە دەنگ دانەوە گومانم هەیە لەیەك دەنگیمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

لیژنەی یاسایی رەئیتان، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ موقتەرەحێکی تازەمان نیە لەسەر نوسخەی ئەسڵی، بەڵام ئەو سێ موقتەرەحەی کە تەقدیم کراوە، چارەکە هەمووی بەرەو گۆڕینی ناوەکە دەچێت، واتە گۆڕینی ناوەکە ئەوەڵەن بدەینە تەسویت ئەگەر دەنگی هێنا ئینجا ئێمە دەچین چ ناوێك ئیستقرار بکات، خۆی دەبێت بەو شێوەیە بڕوات موناقەشەکە نەوەك بەشێوەیەکی تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیام خان فەرموو.

**بەڕێز پەیام احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارانەی کە کراون ئەو چوار پێشنیارە د.شاهۆ گوتی یەکەم پێشنیار باسی وزارەی پیشەسازی و کارەبا و سامانە سروشتیەکان دەکات، دووەم: باسی وەزارەتێکی تر دەکرێت کە دارایی و ئابووری و بازرگانیە، مەسەلەن من رەئیم دا لەسەر بازرگانی و ئابووری و دارایی ئەوە جیایە لەگەڵ ئەوەی کە دەنگ بدەم بۆ سامانە سروشتیەکان و کارەبا و پیشەسازی یەعنی ئەوە دوو وەزارەتی جیان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لەسەرۆکایەتی پێشنیارێکمان هەیە بۆ چارەسەری ئەو موشکیلەیە، چوار موقتەرەح هەیە، ئەسڵی مەشروعەکەش هەیە، یەکەم دەخەینە دەنگدانەوە و دەڵێین کێ لەگەڵە، بۆتەغیرەکە ئەوەی پێشنیار بۆ تەغیرەکە، دەینووسین چەند دەنگی هێنا، بۆ پێشنیاری دووەمیش دەنووسین کە چەند دەنگی هێناوە، بۆ سێیەم و چوارەمیش، پاشان دەنگ لەسەر ئەسڵی مەشروعەکەش دەدەین، ئەمە حەلێکە، حەلێکی تر، کوێستان خان نوقتەی نیزامیت هەیە فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیاره ئێمه له ماددەی دووەمەوە تاوەکو ئێستا هەمووی گۆڕینی ناوەکانە، هەمووشی پێشنیارمان خستۆته دەنگەوەو هیچی ئەوەمان نەگۆڕیوە و نەخستۆتە دەنگەوە ئایا ناوەکە دەمێنێتەوە یان نا، یەعنی ئەمە پێچەوانەی هەموو دەنگدانی ماددەکانی پێشوە، یەعنی ئێمە دەبێت یەك شێوازی دەنگدان هەڵبژێرین، یان ئەوەتا پێشنیارە تازەکە بخەینە دەنگەوە یان کۆنەکە، بەڵام تا ئێستا لە ماددەی دووەمەوە تا ئێستا پێشنیارە تازەکانمان خستۆتە دەنگەوە، بۆیە حەق وایە ئەمەش هەروا بێت، ئەمە یەك، دووەم: ئێمە کە ئەوەی کە دەنگ دەدات ئەوەی بازرگانی و دارایی پێکەوە بێت، دەتوانێ دەنگیش بدات بۆ ئەوەی کە کارەبا و پیشەسازی پێکەوە بێت، چونکە ئەمە دوو شتی جیاوازە و دوو وەزارەتی جیاوازن، ناکرێت ئەوەی کە دەنگ بۆ ئەوە دەدات حەقی لەوە بسووتێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بە پێی قانونی ئێمە هەمووی نیزام داخلیەکەمانە، بە پێی نیزام داخلی کە هاتووە هەر پێشنیارێك دوو کەس تەئیدی کرد ئەخرێتە دەنگدانەوە، ئیتر نازانم ئەو تەرحە چۆن دەکرێت! کە ئەسڵەکە بخەینە دەنگدانەوە کە بگۆڕێ یان نەگۆڕێت، هەر پێشنیارێك دوو کەس تەئیدی کرد بە پێی نیزام داخلی ئێمە دەبێت ئەو پێشنیارە بخرێتە دەنگدانەوە، دووەم: من کە لە پێشنیارێك دا دەیدۆڕێنم پێشنیارێکی تر هەیە و نزیکە لە بیرو ڕاکەی منەوە پێشنیاری دووەم بۆ حەقم نیە؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاکە نیزامی بێت، کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا بە پێی یاسا دەبێت ئەولەویەت بۆ موفتەرەحی یەکەم بێت کە موفتەرەحی لیژنەی یاساییە، ئەوە موفتەرەحی ئەسڵە، بۆ هەر موفتەرەحێکی تر ئەگەر دوو کەس دەیکەن و ئەوە لیژنەیەك کردوویەتی دواجار موفتەرەحە ئەسڵیەکە هەموو ئەو مەسەلانە یەك لادەکاتەوە و هیوادارم مەسەلەی بردنەوەو دۆڕاندن یان ئۆپۆزسیۆن و حاڵەتی تر نەهێنێتە ناوانەوە، چونکە لە موفتەرەحی زۆر باش دا پێ دەچێت هەموومان پێکەوە دەنگ لەسەر مەسەلە باشەکان بدەین، چونکە ئەمە تەنها پەیوەندی بە ناوەوە هەیە، پەیوەندی بە ناوەڕۆکەوە نیە، ئێمە با شەڕەکانمان هەڵگرین بۆ ناوەڕۆك و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، شەڕ ناکەین، بۆ شەڕ دەکەین!؟ هەموو پێشنیارەکان لە بۆچوونێکی دڵسۆزانەوەیە بۆ ئەوەیە کە شتێکی ڕێك و پێك و بۆ خزمەتی هەرێم بێت، یەعنی هیچ شتێك بە هەڵە وەرنەگرن و سینگتان فراوان بێت، ئەو بەڕێزانەی کە نایانەوێ ناوەکە بگۆڕێ من خۆم رەئیم لەگەڵ ئەوەیە هەر موفتەرەحێك بخەینە دەنگدان ئەوانەی کە لەگەڵ ئەوەن ئەسڵی مەشروعەکە بمێنێ ئەوە دەنگ نادەن، ئیتر بۆ بترسێن! ئێستا یەکەم موفتەرەح دەخەینە دەنگدانەوە، ئەو پێشنیارەی کە هات دارایی و بازرگانی و ئابووری ببێتە یەك، کێ لەگەڵە دەستی بەرز بکاتەوە تکایە؟ 26 کەس لەگەڵە، دەچینە دووەم موفتەرەح پیشەسازی و کارەبا، کە ئەم دوو وازارەتە لەیەك بدرێت، کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرزبکاتەوە؟ 31 کەس لەگەڵ دایە، دەچینە موفتەرەحی سێیەم، پیشەسازی و سامانە سروشتیەکان، کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کەس لەگەڵ دانیە، موفتەرەحی چوارەم کە پیشەسازی و کارەبا و سامانە سروشتیەکانە، کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ 4 کەس لەگەڵ دایە، ئێستا دێینە سەر ئەسڵی ماددەکە کێ لەگەڵ ئەوە دایە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ وەك خۆی مایەوە، بۆ ماددەیەکی تر د. ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی حەوتەم:

ڕێکخستن و هەیکەلی وەزارەتە لێکدراوەکان بە یاسا ڕێك دەخرێنەوەو کار دەکرێت بەو پێڕەو ڕێنماییانەی کە لە بارەیانەوە دەرچون تا دەرچوونی ئەوەی جێیان دەگرێتەوە.

المادة السابعة:

يعاد تنظيم هيكلة الوزارات المدمجة بقانون ويعمل بالانظمة الصادرة عنها لحين صدور بما يحل محلها.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی رەئیتان، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی بە تێکڕای دەنگ لەگەڵ دەقی ماددەیەکەین وهیچ مولاحەزەمان نیە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان بە تەنها قسەی هەیە و یەك موفتەرەح وەرناگیردرێت، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من هیچ ناگۆڕم له مەوزوع، بەڵام لێرە لەناو نەسەکەدا فاریزەیەك دانـدراوە (بالانظمة الصادرة) نابێت ئەو فاریزەیە لەو بەینەدا بێت، دوای ئەوە (لحین صدور ما یحل محلها) نابێت ، چونکە عادەتەن ئەوە دەبێت (لحین صدور القانون الجدید)، بۆچی (لحین صدور ما یحل محلها)؟ مایحل محل النظام؟ یان، مایحل محلها کالقانون؟ .**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس لیژنەی یاسایی وەڵامتان؟ کاك شێروان فەرموو.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**مەسەلە هەر قانون نیە، مەسەلەکە تەعلیمات و ئەنزیمەشە بەڕاستی، بۆیەش (لحین صدور مایحل محلها) هەمووی دەگرێتەوە، تەنها قانون ناگرێتەوە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزبکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانیە؟ بەکۆی دەنگ پەسەند کرا بۆ ماددەیەکی تر فەرموو.**

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الثامنة:**

**لایعمل بأی نص قانونی أو قرار یتعارض واحکام هذا القانون.**

**ماددەی هەشتەم:**

**کار بە هیچ دەقێکی یاسایی و بڕیار ناکرێت، گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەو یاسایە ناکۆك بێت.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس لیژنەی یاسایی رەئیتان؟ کاك شێروان فەرموو.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، چونکە ماددەکە ماددەیەکی ئاسایی و پرۆتۆکۆڵیە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، کەس دەیەوێت قسە بکات؟ ماددەیەکی رۆتینیە، کاك خلیل فەرموو.**

**بەڕێز خلیل عثمان حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**کاربە هیچ دەقێکی یاسایی و بڕیارێك، نەك بڕیار، بڕیارێك ناکرێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێ، سوپاس لیژنەی یاسایی رەئیتان؟ دکتۆرە رۆژان فەرموو.**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**